# میشێل فۆکۆ و
# چەند لێکۆڵینەوەیەکی
# فکری

وەرگێڕانی
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
گــۆران عەلــی          کامیل قەرەداغی
شاســوار کەمال

# ئایدیا

والآ 26


گۆڤارێکی فکرییە ،
دوو مانگ جارێك دەزگای والآ بۆ راگەیاندن و بلاوکردنەوە
دەریدەکات
www.walapress.com

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای والآ

سەرنووسەر
ئەنوەر حسێن
07701535029
a.bazgr@gmail.com

جێگری سەرنووسەر
لوقمان رەئوف
07701369792

بەڕێوەبەری نوسین
هاشم ئەمین

تایپ و هەڵەچن
سۆما سالار
باوان عومەر
رەوەز سەعید

دیزاین
هەرێم عوسمان

تیراژ
١٠٠٠ دانە

نرخ
٢٠٠٠ دینار

ئیمەیل
Govaryidea@gmail.com

# فەیلەسوفی دەمامکدار

## گفتوگۆیەك لەگەڵ (میشێل فۆکۆ)دا

**بابەك ئەحمەدی**

**و. لەفارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان**

لەنێوان ساڵانی 1979تـا 1984دا و لە ژمارەکانی شەممەو یەکشەممەی ڕۆژنامەی "لۆمۆند"ی فەرەنسیدا زنجیرەیەك گفتوگۆ لەگەڵ روناکبیرە دیارەکانی ئەوروپادا بڵاوکرانەوە، کە دواتر هەڵبژاردەیەك لەو گفتووگۆیانە لە کتێبێکدا بەچاپ گەیەنرا، لەرۆژنامەی لۆمۆند 6-7ئاپریلی 1980دا ناوەرۆکی گفتوگۆیەك لەنێوان کریستیان دێلاکامپانی و فەیلەسوفێك بەناونیشانی " گفتوگۆیەك لەگەڵ فەیلەسوفی دەمامك کـردوو"دا بڵاوکرایەوە: ناوی ئەو بیریارە لەسەرخواستی خۆی بە پەنهانی مابووەو بۆ ئاشنایان بە ئەندێشە و نوسینەکانی میشێل فۆکۆ و ناسینەوەی فەیلەسوفی دەمامك کردو، کارێکی دژوارنەبوو، فۆکۆ بەم پەنهانکارییەوە، دەیەویست بەناوێکی سیمبولئامێز، نارەزایی بەرامبەر بەوبیریارانە دەربڕێ، کە هزرو فەلسەفە بێبایەخدەکەن.

نـاوەرۆکـی ئەم گفتوگۆیە، بە چەشنێکی بێکەم و کـور ئاسا و سەرسورهێنەرە، زیاد لە ژمارەی نوسینەکانی تری فۆکۆ کە ئاماژەی "ئیتوگرافیك"یان تێدا بەدیدەکرێ.

*دێلاکامپانی: سەرەتا رێگەم بدە بپرسم، کە بۆچی ویستوتە بەنەناسراوی بمێنیتەوە؟

-فۆکۆ: لەوانەیە ئێوە بەسەرهاتی ئەو دەروونناسانەتان بیستبێ، کە بۆ نمایشکردنی کورتە فیلمێکی ئەزمونی چووبوون بۆ گوندێکی دورە دەسـت، لەناوچەرگەی ئەفریقادا، ئـەوان داوایـان لە بینەران دەکـرد، کە بەسەرهاتی فیلمەکە بەهەمان شێوەی کەتێگەیشتوون بگێرنەوە ، لەم فیلمە خۆشەدا کەسێ کەسایەتی تێدابوو، تەنها یەك شت سەرنجی خەڵکەکەی راکێشابوو، دیمەنی ئەو سایەو تیشکانەی کە بەنێوان درەختەکاندا تێدەپەری، بەڵام بۆ ئێمە وانییە، کەسایەتیەکان زاڵن بەسەرپەی پێبردنی هەستەکانی ئێمە، سەرجەم سەرنجەکانمان پەیوەست بە کرداری کەسایەتیەکان کەدێن و دەرۆن، دەردەکەون و بزردەبن.

بۆچی من پێشنیارمکرد بۆ ئێوە، کە نەناسبوون هەڵبژێرم؟ جیا لە حەسرەتی ئەو رۆژانەی کە راستەوخۆ نەناسراوبووم.

دەزانم کە ئەگەری وەرگرتنی ئەو قسانەی کە دەیکەم زیاتر دەبێت، لەلای خوێنەر ئەگەر هەبێ، رووی پەیوەندی بەدەست لێنەدراوی دەمێنێتەوە، کاریگەرێتی پەرتوك لە بوارێکی چاوەروانکراودا

جێدەگرێت و شێوازێك دەدۆزێتەوە كە من هەرگیز بیرم لێنەكردوەتەوە ناو، كارەكان زۆرئاسان دەكات.

من پێشنیازی ڕۆڵێكم هەیە: ڕۆڵی "سالێك بەبێ ناو" بۆ ماوەی سالێك پەرتوكەكان، بەبێ ناوی دانەرەكانیان بلاو ببنەوە، رەخنەگران دەبێت بە زۆری ئەو پەرتۆكانە راستەوخۆ گوماناوان دەست و پەنجەیان نەرم بكەن، ئێستا كە هەستدەكەم، كە ئەوان ناتوانن هیچ كارێك ئەنجام بدەن، سەرجەم دانەرەكانیش ئارامدەگرن، تاسالی ئاینده بێت، تا كێشەكانیان بلاوبكەنەوە.

*دێلاكامپانی: ئایا بە بۆچوونی تۆ، ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمە زۆربلێ نین؟ بەو قسانەشیان كە زیاتر بێهودەو بێئامانجن، بۆ ئێمە نابنە سەرئێشە؟

-3فۆكۆ: بەبۆچوونی من زاراوەی ڕۆشنبیر زۆر سەیرە، چونكە خۆم هیچ كاتێ رووبەرووی ڕۆشنبیرێك نەبوومەتەوە، كۆمەلە كەسێكم بینیبون، كە ڕۆمان دەنوسن، و خەلكانێكی تر كە نەخۆش تیمار دەكەن، كەسانێك كە توێژینەوەی ئابوری دەكەن و كەسانێك كە ئامێری مۆزیك دروستدەكەن، رووبەرووبوومەتەوە لەگەل كۆمەلە كەسانێكدا، كە كاری مامۆستایی و پەروەردەیی بە ئەنجامدەگەیەنن، یان سەرگەرمی نیگاركێشانن، هەروەها بەو مرۆڤانەش، كە هەرگیز تێناگەم چی دەكەن، بەلام هیچ كاتێك ڕۆشنبیرم نەبینیوە، جگە لەوەش رووبەرووی كۆمەلە كەسانێكی زۆریش بوومەتەوە، كە دەربارەی "ڕۆشنبیران" دەدوێن، بە گوێگرتن لە قسەكانیان كەمێ لەوەم دەستگیربوو، كە گیانەوەرێكی لەو چەشنە دەكرێ چی بێت، كارێكی سەختیش نییە، ئەو مرۆڤێكە گوناهەكار، لەبارەی زۆربەی شتەكانەوە كەمتەرخەمە: قسەكردن، بێدەنگبوون، كارنەكردن، رووبەرووبوونەوە بەهەموو كارەكان، بە كورتی ڕۆشنبیر كەرەسەیەكی خاوی حوكمێكە، یەك بیرورا، یەك مەحكومیەت، یەك نائومێدبوون.

من وا هەستناكەم كە ڕۆشنبیرەكان زۆربلێن، چونكە بە بۆچوونی من، ئەوانە هەرگیز بوونیان نییە، بەلام بە گومانم دەربارەی ئەوانەی زۆربلێن و من دلنیابەخش نابینمەوە، من نەریتێكی خراپم هەیە، كاتێك خەلكی بێ خەیال قسە دەكەن، هەولدەدەم تا بەرجەستەی بكەم، كە ئەگەر ئەم قسانە واقیعیەت پەیدا بكەن، ئەو كاتە چ دێتە پێش، كاتێك خەلكی رەخنە لە كەسێك دەگرن، بیروراكەی "بێهودە

له قه‌ڵه‌مده‌ده‌ن" ئه‌و كه‌نووسیویه‌تی "مه‌حكومی ده‌كه‌ن"، من ئه‌وانه له حاڵه‌تێكی ئاره‌زووبازدا ده‌بینم كه به‌رامبه‌ر به‌و كه‌سه ده‌سه‌ڵاتێكی ره‌هایان به‌ده‌ستهێناوه، ئه‌و زاراوانه‌ی به‌كاریانده‌هێنن "پێكدادان"، "وێرانكردن"، "سه‌ركوتكردن"، "شاردنه‌وه". بۆ واتای وردی خۆی ده‌گێرمه‌وه‌و شارێكی دره‌وشاوه به‌رجه‌سته ده‌كه‌م، كه له‌وێ رۆشنبیر كه‌وتۆته زیندانه‌وه‌و ئه‌گه‌ر تیۆرسیش بێت، ده‌میان به‌ستوه. راسته، ئێمه له‌ژێر سایه‌ی رژێمێكدا نین، كه رۆشنبیران بنێرێت بۆ كێڵگه‌ی برنج، به‌ڵام ئایا ئێوه شتێكتان ده‌رباره‌ی تونی نگری"2"بیستوه؟ مه‌گه‌ر نا ئه‌و ته‌نها به‌و به‌ڵگه ساده‌یه‌ی كه رۆشنبیر بوو، كه‌وته زیندان؟

*دێلاكامپانی: باشه، چ شتێ بووه هۆی ئه‌وه‌ی، كه ئێوه له‌پشت نه‌ناسیه‌وه په‌نهان؟ ئایا ره‌خنه‌گرتنه له‌و خاڵه‌ی كه ئه‌مرۆ فه‌یله‌سوفه‌كان له‌گه‌یاندنی په‌یامی هه‌مه‌چه‌شنه سود له‌ناوی خۆیان وه‌رده‌گرن؟

—فۆكۆ:ئه‌وه شتێك نییه، كه من زۆر ببزوێنێ له رێره‌وی قوتابخانه‌ی دێرینم، پۆرترێتی گه‌چی پیاوانی گه‌وره زۆر ده‌بینم، ئێستاش له‌سه‌ر رووی لاپــه‌ره‌ی یه‌كه‌می رۆژنامه‌كاندا، وێنه‌یه‌ك له‌م، یان له‌و بیریار ده‌بینم.

میشنازانم كه ئایا شته‌كان له‌دیده‌ی ئێستاتیكیانه‌وه باشتربووه یان نا، هه‌روه‌ها ئه‌وپه‌ری هۆشی ئابوری به دڵنیایی من له خوێندنه‌وه‌ی نامه‌یه‌ك به توندی راچڵه‌كیم، كه كانتی زۆر پیر له‌م نامه‌یه‌دا نوسی بووی ، ئه‌و نوسیبووی كه په‌له‌یه‌تی تا به جیا له به‌ساڵاچوون، هۆشیش روو به له‌ناوچوونی ئایدیاكانی مێشكه، هه‌رچی زووتره، یه‌كێ له په‌رتوكه‌كانی بۆ كۆمپانیا له پێشانگا لاینریگ ته‌واو بكات. ئه‌م خاڵه‌م هێنایه‌وه، بیرم، تا نیشانیبده‌م كه مه‌سه‌له‌كه له‌گه‌ڵیدا چه‌ند بێبایه‌خه به‌بێ پرۆپاگه‌نده، به‌بێ پێشانگا په‌رتوكێك شتێكی ته‌واو و تایبه‌ته من هه‌رگیز ناگه‌مه ئه‌و باوه‌ره‌ی، كه فلان په‌رتوك خراپه، چونكه نوسه‌ره‌كه‌ی له ته‌له‌فزیۆن ده‌ركه‌وتووه، به‌ڵام به‌م به‌ڵگه‌یه هه‌ڵبه‌ته ناكرێ ببێته په‌رتوكێكی باش.

ئه‌گه‌ر گومناویم هه‌ڵبژاردوه بۆ ئه‌وه نییه، كه به ئاسانی ره‌خنه له‌م و له‌و بگرم، ئه‌مه كارێكه كه هه‌رگیز نه‌مكردوه، به نه‌ناسی مانه‌وه، رێگه‌یه‌كه بۆ خیتابێكی راسته‌وخۆتر به‌خوێنه‌ر، واته تاككه‌رایی كه لێره بۆ من بایه‌خی هه‌یه، له‌و شوێنه‌ی كه تۆ نازانی من كێم، و وه‌سواسی ئه‌مه‌ش نابێت تابزانی بۆچی من ئه‌م شته‌ی كه ده‌یخوێنیته‌وه، وتومه

زیاتر ڕێگە بەخۆت دەدەی، تا زۆر بەسادەیی بڵێی ئەم قسەیە ڕاستەو ئەو قسەیە هەڵەیە، من ئەمەم خۆشدەوێ و ئەوەم خۆشناوێ، هەر ئەمە و بەس.

*دێلاکامپانی: بەڵام ئایا خوێنەران چاوەڕوانیان لە ڕەخنەگر نییە، تا بە بەهای دۆزینەوەی ورد ، بەهای بەرهەمەکەیان بۆ ڕۆشنبکاتەوە؟

—فۆکۆ: نازانم کە ئایا گشت خوێنەران چاوەڕێی هەڵسەنگاندنی بەرهەم، یان هەڵسەنگاندنی ئاستی نوسەر لە ڕەخنەگردەکەن، یان نا، گومانموایە کە داوەران پێش ئەوەی، کە خوێنەر بتوانێ بڵێ کەچی دەوێت، ئامادەییان هەیە، دەڵێن گوربە خۆشەویستێکی هەبوو کە نیوەشەوان لە خەو هەڵدەستاو دەینەڕاند، من دەمەوێ دادوەری بکەم، زۆر سەیرە، کە میللەت چەند حەزیان لە دادوەرییە، دادوەری لە هەموو شوێنێك و هەمیشە بوونی هەیە، بێگومان یەکێ لە سادەترین ئەو کارانەیە، کە ئەگەری ئەنجامدانی بۆ مرۆڤ فەراهەمبووە.

ئێوە باش دەزانن کە دواهەمین مرۆڤ، کاتێك سەرەنجام تیشکەکان دواهەمین دوژمنی ئەو دەکاتە خۆڵەمێش، لە پشت مێزێکی فکسنی دادەنیشێ و دادگایی کەسانی بەرپرس دەستپێدەکات.

ناتوانم بە خەیاڵکردنەوە دەست لە شێوازێکی ڕەخنە هەڵبگرم، ڕەخنەیەك کە کۆششەکەی بۆ دادوەری نییە، بەڵکو دەبێتە بەرهەمێك، پەرتوکێك، ڕاستەیەك، ئایدیایەك لە ژیان، ئاگرێك دادەگیرسێنێ، سەرنجەداتە ڕووی گرو وگیاکان، گوێ بۆ گڤەی با هەڵدەخات و شەپۆلە دەریاییەکان دەخاتە شنەو پەرشیاندەکات، ئەم ڕەخنەیە، زیادکردنە، نەك بۆ داوەریکردن، بەڵکو بۆ نیشانەکانی بوون، ئەوانە دەخوێنێتەوەو لەخەو ڕایاندەپەڕێنێ، دەڵێی کە هەندێجار ئەوانە دەهێنێتە ئەفراندن؟ ڕەخنەیەکم خۆشدەوێ، کە لایەنەکانی خەیاڵ بدرەوشێنێتەوە، ڕەخنەیەك کەنەفەرمانڕەواییەکی ڕەوایە و نەپۆشاکی سوری پۆشیوە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا، بروسکەی کۆمەڵە زریانێك دەهێنێ.

*دێلاکامپانی: کەواتە کۆمەڵە شتێکی زۆر هەیە، کە دەبێت بناسرێت و کۆمەڵە کارێکی سەیر هەیە، کە دەبێت بە ئاکام بگەیەندرێ ڕاگەیاندنێکی گشتی دەبێت بەردەوام دەربارەی فەلسەفە بدوێ.

—فۆکۆ: حەتمەن گرفتی سونەتی لە نێوان "ڕەخنەگران" و ئەوانەی کە پەرتوك دەنوسن، بوونی هەیە، یەکەم لە بەر تێگەیشتن دەدوێ و دووەمیان وادەزانێ کە یەکەم دەیەوێ بیختە سەرچۆك، بەڵام باشە

ئیتر ئەمە ماڵ و بنەمای مەسەلەکەیە. بەبۆچوونی من بارودۆخی ئەمرۆ، جۆرێکی تایبەتە، ئێمە سروشت گەلێکمان هەیە، کە پڕە لەکەم و کوڕی، لەکاتێکدا لەو بارودۆخەدا دەژین، هەموو بەجۆش و خرۆشە زۆرەکان ئاشنان، کە بەجۆرێکی گشتی دەبنە هاوڕێ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی "یان سەرلەنوێ چاپکردنەوەی" هەندێ لەکارەکان، هەندێ جار سەیرن ئەو بەرهەمە، هەرگیز کەمتر لە "ناوبردنی سەرجەم ڕەنجەکان" بەرامبەر بونیادی رۆشنبیری هاوچەرخ، پرسگەری بونیادەکان بەگشت شێوەکانی بیرکردنەوەمان ناونابرێت. دانەری پەرتوکیش، لەم دەستەیە زۆربەی جار وەك گومناوێکی پەراوێزنشین دەناسرێت.

لەلایەکی تـرەوە دانـەرانـەی تر دەبێت زۆر بە فەرامۆشکراوی دووربکەونەوە، کە هەرگیز نەتوانن بەدوایدا رابکەن، ئەوانە تەنها وەك کەسانی بێهودەی "رۆژگار" و بەرهەمەکانی بونیادی روناکبیری و لەم جۆرە ناوانە ناناسرێن، دیاردەی رووکەشی و حسابی پاریسش بونیان هەیە، ئەم دیاردەیە بە ئاکامی پەرێشانیەکی قوڵ دەزانم، هەستی ئەوەی کە "ئیتر جێگەیەك بۆمن نەماوەتەوە"، "یان ئەو یان من"، "ئێستا نۆبەی منە"دوژمنی یەکترین، چونکە ئەو فەزایەی، کە دەکرێ قسەی تێدابکرێ و گوێگرهەبێ، زۆر تەسکە، لێرەوە جۆرە پەرێشانیەك دەردەکەوێ، بە نیشانەی هەمەجۆر، جارێك پێکەنیناوی، جارێك کەمتر پێکەنیناوی، لێرەوە دێت ئەو هەستە لاوازەی، ئەو کەسانەی دەنوسن، کاتێك لەبەرامبەر راگەیاندنی گشتی دەوەستنەوە، کە دەکەونە بەر رەخنەکانیان، کە بۆچی دنیای پەرتوك بەڕێوەدەبەن و تاکەکان بەناوبانگ دەکەن، یان لەنێودەبەن، لێرەوە دێت هەستی رەخنەگران، لەمەی کەقسەیان نابیسترێت مەگەر ئەمەی کە بـەردەوام بەرزتر هاواربکەن و لەکڵاوە موعجیزەییەکانی خۆیانەوە، هەموو هەفتەیەك کەروێشکێك بهێننە دەرەوە، دیسانەوە لـێرەوە دێـت، هاوشێوە سیاسیەك کەخۆی بزردەکات و بـەردەوام پێویستی بە "ململانێی ئایدۆلۆژی"وە دەدوێت و "ئەندێشە ترسناکەکان" ئاشکرا دەکات، ئەمە پەرێشانیەکی قوڵە کە ناهێڵی قسەی مرۆڤ نەبیسترێت و نەوترێنەوە، ئەو خەیاڵدانە جۆرە نەخۆشیەکی خواستی دەسەڵاتەو لێرەوە دێت: هەرکەس کەدەنوسێت توانایەکی نیگەرانکەرە لەخۆ دەگرێ، کە ئەگەر لەکاردا نەبێت، بزانە کۆتایی دێت، حەتمەن پێویستە بۆ ئەوە سنورێکی بۆ دابنرێ و دیسانەوە لێرەوە دێت بەیانێکی دووبارەو کەم و شێوە

ورد کەهەموو شتێ لە م ڕۆژانەدا خاڵی، وێران، بێسەرنج و بێبایەخ بووە، ئەو بەیانەی کە بەئاشکرا لەلایەن کەسانێکەوە دێت، کە خۆیان کارێك ئەنجامنادەن و دەبینن کە زۆرکەسی تر کۆمەڵە کارێك دەبەنە پێش.

*دێلاکامپانی: مەگەر ئێوە قبولتان نییە کە دەروانی ئێمە بەراستی دەورانـی نەمان و لەدەستدانی ئەو بیریارو نوسەرە مەزنانەن، کەلە تواناياندا هەیە ڕووبەڕووی ئەو مەسەلانە ببنەوە؟

–40فۆکۆ: نەخێر، من بەم چەمکە پێ بناغەیەو لەدەستدانی نوسەران و نەزۆکی ئەندێشەکان و ئاسۆی لێڵ و تارو دلتەنگ، نایەمەرا، بە پێچەوانەوە وا هەستدەکەم کە زۆری و پەلەکردنی تێدایە ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری ئازاری ئێمە، جێگەی خاڵی نییە، بەڵکو ئامرازێکی ناتەواوە بۆ بیرکردنەوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن چرییەکی زۆر لەشتە زۆر قەرەباڵغەکان لەبەردەممانە، کە پێویستە بناسرێت: ئەو شتانەی بۆ دنیادێت، یان هەراسانکەرە یان سەرسامهێنەر، یان پێکەنیناوی، یان لەهەمانکاتدا بێبایەخ و هاوتانین، هەڵبەتە وردبوونەوەی بێپایان، پێویستی، یان ئارەزوو بۆ زانینیش هەیە، زۆرکەس هەمیشە گلەیی دەکەن کە ڕاگەیاندنە گشتیەکان مێشکپردەکەن، لەم ڕووەوە جۆرە خەڵکێکی ڕاکردوو هەیە، هەرچی ئەوانە زیاتر قەناعەت پێبکەین، کە دەربارەی هەموو شتێك دەپرسن. خۆ مێشکی مرۆڤ لەمۆمی نەرم دروست نەکراوە، واوەیەکە کاردانەوە نیشاندەدات، هاوتای کۆششکردن بۆ لێورێژکردنی مێشکی ئادەمیزادەکان، ئـارەزوو بۆ زانینیی زیاتر و زانیاری قوڵتر لە شتێك و بۆ زانینی کۆمەڵە شتێکی تر، لەوانە زیاتر وەردەگیرێت، ئەگەر ئەم خاڵە وەربگرن و ئەم ڕێگەیەش قبوڵبکەن، کە زۆرێك لە خەڵکان لە زانکۆکان و شوێنەکانی تر پەروەردەیان بینیوە، کە دەتوانن لەنێوان زۆری ئەم شتانەداو تینویەتی زانست وەکو ناوەندەکان کاربکەن، ئەوکاتە دەگەیتە ئەو ئەنجامەی، کە بێکاری خوێندکارانی زانکۆ، پوختترین شتە کە پێشبینی دەکرێ، مەسەلەکە هەمەجۆری و زۆری کەناڵەکان، پلەکان، ئامێری زانیارییەکان، کۆی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان.

وردبینی قێزەونییە، کەمەسیحیەت و فەلسەفە و تەنانەت هەندێ لایەنی زانستیش بەدناویانکردووە، وردبینیان وەکو کارێکی بێبەرهەم ناساندوە، وێرای ئەمەش من حەزم لەو ربینیە، بۆ من واتایەکی جیاوازی هەیە، دەبێتە هۆی نیگەرانی، دیقەتی ئێمە بەوەوە بوونی هەیە و ئەوە

دەتوانێت بوونی هەبێت، داوادەکات، واتایەك لەواقیعەتەوە سەرچاوەی گرتوە، بەلاَم واتایەك کە هەرگیز لەبەرامبەر ئەودا لەکار ناکەوێت، شێوازێکی ئامادەیە بۆ دۆزینەوەی ئەمەی کە چ شتێ بەم لاولای ئێمە نا ئاشناو نائاساییە. چەشنێکی جێگیرە، کە شێزو ئاشناکانی بیرکردنەوە دەخاتەلاوەو بەرەوشێکی جیاواز دەروانێتە شتەکان.

گفتوگۆیەك بۆ دەرکپێکردنی ئەوەی، کە ئێستا کە روویـداوەو ئـەوەی بزربووە لەناوچوونی دڵنیایی شتە گرنگ و بونیادییەکانی قۆناغە سونەتیەکانە، من خەیاڵی دەورانی نوێ لە وردبینیدا دەبینم، ئێمە خاوەنی کەرەسەی هونەرین و ئارەزوش لەهەمان شوێن پەنهانە، ژمارەیەکی بێ پایان لەو شتانەی، کە پێویستە بزانرێت بوونی هەیە، ئەو کەسانەشی، کە توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەیان هەبێت، بوونیان هەیە، کەواتە کێشەی ئێمە چییە؟ زۆر بە کورتی بڵێم کەناڵەکانی پەیوەندی سنوردارو ناتەواون و زۆریش بەرتەسکبوونەتەوە، ئێمە نابێت روکردێکی داکۆکیکەر هەلبژێرین و هێرش ببەینە سەر زانیار "خراپ" و "بەشایەکان" هەموو ئەوان بخنکێنن، ئێمە دەبێت ئەگەری جوڵانەوە "بزاڤ" بۆ پێش و دواوە زیاد بکەین، وێرای ئەوەش زۆرێکیان لەمەترسیدان پێشنیازی بالاَ بۆ یەکسانی و دابەزینی ئاستی زانیاری نەکشێت. بەپێچەوانەوە بەهاوچەرخ بوون و جیاوازییەکانی نێوان ئەم کۆمەڵە هەمە چەشنانە دەگات.

دێلاکامپانی: من وا هەستدەکەم لەم حاڵەتەدا، میدیا و زانکۆکان لە بری ئەوەی درێژە بە جیاوازی و رووبەڕووبونەوە لەبەرامبەر یەکتریدا بدەن، دەبنە رۆڵی تەواوکەری یەکتر؟

-41 فۆکۆ: ئێوە وتەی (معرکە سیلون) (لویتتان) لەیادە، کاتێ گوێگرێکت هەیە، پـەروەردەی دەکەیت، کاتێ دوو گوێگرت هەیە سەرباسەکە دەکـەی بەگشتی، پەرتوکەکان، زانکۆکان، بلاَوکراوە زانستیەکانیش، راگەیاندنی زانیارین، لەوانەیە ئەو کەسانەی لە هەر کەناڵێکی زانیاریدان نەیانەوێ، یان نەتوانن بچنە نـاوەوە، رایەنی گشتی ناوخۆێننەوە، بەلاَم مەسەلەکە لەسەر ئەوەیە کە چۆن سود لەوردەکارییەکان وەربگرین، ئێمە ئێستگەیەکی یارمەتیدەر لەچەشنی (پارکی رۆشنبیری) بۆ ئەو توێژەرانە بەرپادەکەین، کە جوداخوازە دزیدەکان هەرەشەیان لێدەکەن، لە کاتێکدا لەو فەزایەی کە ماوەتەوە بازاڕێکی گـەورە سازدەکەین بۆ کالاَ ناهەلبژاردەکان، ئەو جۆرە

وردەکارییانە بە بۆچوونی من لەگەڵ واقیعدا هاوەدەنگ نییە، لەوەش گرنگتر ئەو جۆرە شتە خواستراو نییە، ئەگەر شتە بچوکەکان بەکارایی بخرێنەروو، ئەو جۆرە دابەشبوونە مانای نابێ.

*دێلاکامپانی: رێگەبدەن بە کۆمەڵە پێشنیارێکی بەرجەستە ترەوە سەرقاڵ بین، ئەگەر هەموو شتێ بەو شێوەیە دەرواتە پێش، ئێمە دەبێ لەکوێوە دەستپێبکەین؟

–فۆکۆ: بەباوەڕی من هەرگیز هەموو شتێ خراپ ناڕواتە پێش ، ئێمە نابێت رەخنەگری سودمەند لەشتەکان بەوهات و هاوارە دووبارەی، کە بەسەر خەڵکیدا دەکرێ تێکەڵ بکەین، لەبارەی پێشنیارە بەرجەستەکانیشەوە دەبێ بڵێم کە ئەوانە ناتوانن، هەروەکو کۆمەڵە لاهۆکارێك دەربکەون، مەگەر ئەوەی کە لەهەندێ بنەمای گشتی یەکەمین جارەوە وەرگیرابن و یەکەمین شێواز لەم بنەما گشتیە ئەوەیە، کە مافی فێربوون ناتوانرێت و نابێت لەچوارچێوەی سنوری گروپێکی تایبەت، یان کۆمەڵە گروپێکدا جێگیر بێت، بەلکو دەبێت بتوانرێت ئەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و لە رێگە جۆراوجۆرەکانەوە پرۆڤەو ئەزمون بکەن.

*دێلاکامپانی: ئایا ئەم حەزە بۆ زانین، بۆ چەشنێك نادیارنییە؟ بەراست خەڵکی بەم هەموو زانستەی کەبەدەستیدەهێنن چیدەکەن، یاخود بڵێن بۆ چ شتێکی ئەوان بەکەڵك دێت؟

–فۆکۆ: یەکێکی لە ئامانجە سەرەکیەکانی پەروەردە ئەمە بوو، کە پەروەردەی تاك بایەخی پێبدرێت لە کۆمەڵدا، ئێمە ئێستا بەو چەشنە دەیبەینە سەر، کەماوە بدات تاکەکان خواستی خۆیان بگۆڕن و ئەمەش تەنها بە مەرجێ دەبێت، کە پەروەردە بکرێت و هەمیشە " بەشێوەیەکی بەردەوام ئاراستە بکرێت"

*دێلاکامپانی: ئایا ئێوە بەراستی داکۆکیکەری کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە توێژەرانی بەرجەستەی بواری پەروەردەن؟

–فۆکۆ: من دەڵێم کە پێویستە هەموو کەس بە جۆرێکی بەردەوام، توانای پەیوەندیکردنی هەبێ لەگەڵ بواری روناکبیریدا، ئیتر لەهەر رێگەیەکەوەبێت، ئەم پەروەردە مەوجودەی کە مرۆڤەکان هەڵدەگرێ و ئەم زانیارییانەی، کە مرۆڤەکان لە خزمەتیدان، دەبێت بخرێنە پەراوێزەوە.

*دێلاکامپانی: لەم کۆمەڵگەیەی زانایاندا پرسە جاویدانیەکانی

فەلسەفە چیان بەسەردێت؟ ئایا دیسانەوە پێویستمان بەم پرسە بێوەلامانەو ئەم بێدەنگیە لەبەرامبەر فرمانی نەناسیندا دەبێتەوە؟

—فۆکۆ: فەلسەفە چییە؟ جگە لە ڕێگەیەك بۆ بیرکردنەوە، نەك تەنها بۆ ئەوەی کەچ شتێك دروستەو چ شتێك نادروست، بەڵکو سەبارەت ئێمەوە بۆ حەقیقەت؟ ئەو کەسانەی کە هەندێجار گلەیی دەکەن، کە لەفەرەنسادا فەلسەفەی باڵادەست نییە ئەمە ڕاستە، بەڵام فەلسەفە، یان باشتر بڵێم فەلسەفەیەك لە حالەتی کرداری لە ئارادیەو بزاڤێك کەهاوهەنگاو لەگەڵ ئەودا، هەڵبەتە نەك زۆر بەبێ سەخت کۆشی، نادڵنیایی و خەیاڵکردنەوە، دەتوانرێت لەوەی کە هەروەکو، حەقیقەتێکی زورگیراو جیابکرێتەوەو کۆمەڵە بنەمایەکی تر بپشکێنرێت.

فەلسەفە هەیە و جێگۆرکێکردن و گۆڕینی شێوازەکانی بیرکردنەوەو هەڵگێڕانەوەی بەها وەرگیراوەکان و کۆمەڵە کارێك کە دەبێت ئەنجامبدرێ، تا بتوانین بە شێوەیەکی تر بیر بکەینەوەو کارێکی تر ئەنجامبدەین و بگۆڕێین بۆ مرۆڤێکی جیاواز لەوەی کە هەین، لەم دیدگایەوە نزیکەی سی ساڵی ڕابردوو خولی پراکتیکی بەرفراوان بوونی فەلسەفی بوو، کاروکاردانەوەی نێوان شیکردنەوەکان توێژینەوەکان، ڕەخنەگرتنی "پەروەردەیی یان تیۆری" و گۆرانکاری لە ڕەفتاردا، لە هەڵسوکەوی ڕۆژانەی خەڵك، لە شێوازی ژیانیان، لە پەیوەندییان بەخۆیان و خەڵکانی ترەوە، هەمیشەیی و جێگەی سەرنجبوو.

چەند ساتێك لەمەوبەر وتم فەلسەفە ڕێگەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حەقیقەتدا، دەبێ ئەمەش بڵێم فەلسەفە ڕێگەیەکیشە بۆ پرسیارکردن لە خۆمان، ئەگەر ئەو ڕێژەیەی کە ئێمە هەمانە بۆ حەقیقەت بەو شێوەیەیە، کەواتە دەبێت چ ڕەفتارێك بگرینەبەر؟ من باوەڕموایە کە کاری سەرنجکێش و هەمەچەشن ئەنجام دراوەو ئێستاش ئەنجامدەدرێ، کە هەم ئەو ڕێژەیەی ئێمە بۆ حەقیقەت دەگۆڕێ و هەم شێوازو ڕەفتاریشمان، ئەمە لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا بەرجەستەبووە، لەڕێگەیەکی چڕ بە توێژینەوەو ڕشتەیەك لە بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان، بەدیقەتەوە ئەمە ژیانی فەلسەفەیە.

42

شتێکی ئاشکرایە، کە هەندێك خەڵك بۆ فەزای خاڵی ئەمرۆکە ئاهۆناڵە بکەن، تاوەکو لەقەڵەمڕەوی ئەندێشەکاندا، داکۆکیکەری شێوە سەڵتەنەتێکی سەرگەردان بن، بەڵام ئەو کەسانەی تەنانەت بۆ

جارێکیش بووە لە ژیانی خۆیاندا ئاوازو هاوارێکی نوێیان دۆزیبێتەوەو رەوشێکی نوێیان لەروانین بۆ شتەکان و رێگەی نوێ بۆ ئاکامی کارەکان بەدەستهێناوە، بەبۆچوونی من ئەو جۆرە کەسانە، هەرگیز پێویستیان بەم گلەیی و گازندانە نەبووە، کە جیهان هەڵەیە و مێژوو چارەنوسی ئەو مرۆڤانەیە، کەهیچ کاریگەریەك بەجێناهێڵن و کاتی ئەوە هاتووە، کە ئەوانی تر خامۆش بن، تا هیچ نەبێ هاواری نارەزایەتی ئەمان بگاتە گوێ.

1-بابەك ئەحمەدی ئەم بابەتەی لەزمانی ئینگلیزییەوە لەم سەرچاوانەوە تەرجەمەکردووە:
M.foucault,dits et ecrits,paris,1994,vol.4,pp.104-111
M. Foucault,politics,philosophy,culture,ed.l.d.kritzman,London,1990,pp.323-330
2-تونی نگری مامۆستای فەلسەفە بوو لە زانکۆی پاروا لە ئیتالیا بە بەلگەی چالاکی لە گروپێکی چەپدا راودەنرێ و لەساڵی 1983دا لە فەرەنسادا دەبێتە پەناهەندە.
3- colbertisme ئاماژەیە بە بیروڕای ژانباتیست کلبەر (1682-1619) سیاسەتمەداری فەرەنسایی کە بەرگری لە سیاسەتی پارێزگاری دەوڵەتی دەکرد بە ئاراستەی ئابوریدا.

# میشێل فۆکۆ
# بیریاری بیرلێنەکراوەکان

د. حمید عزدانلو
لە فارسییەوە: گۆران عەلی مەولود

ئـەوەی زیادلەهەموو شتێك من عاشقی فـۆكـۆ دەكـات، بیری پرسیارکەری ئەوە. ئەو کەم تازۆر هەمووشتێك دەخاتە ژێرپرسیارەوە. ئەندێشەی پرسیارکەری فـۆكـۆ، لـەلایـەكـەوە، كـاری بیرکردنەوە دژواردەكـات، لەلایەكی ترەوە چێژی بیرکردنەوەمان پێدەبەخشێت. فۆكۆ بانگهێشتی قەلەمرەوی بیرلێنەکراوەکانمان دەكات، تالەبارەیانەوە بیرکەینەوە .لەرێگای بیرکردنەوە لەبیرلێنەکراوەکان ،بیرلێنەکراوەی نوێ دەدۆزرێتەوە وئەم رەوشە هەمیشە بەردەوامە.فۆكۆ بیرمەندێكە هەمیشە عـەودالی شوناسێكی نوێی رۆشنفكرییە .1 [1] لەم روەوە ناتوانرێت بەسادەیی لەقالبی ناوێك، یاخود تەنانەت ئاوێتەیەك لەناوەکان هەژمارکرێت .ئەندێشەکانی ئەو دژی هەموو ئەوشتانەیە کەرویەكی گشتگیر، یان ئاشکرایان هەیە. رۆڵی فۆكۆ (ئەمە دەستەواژەیە كە جەختی لەسەردەكاتەوە)ئەوەیە كەبەجەماوەری بسەلمێنێت، ئازادتر لەوەن کەوێنای دەکەن، واتا دەتوانن رەخنە لەهەندێك لەو بابەتانەی کەلەساتەکانی نێو مێژوودا پێش هاتوون و وەك حەقیقەت و بەڵگەنامەیەك وەریانگرتووە، بگرن ولەناویان بەرن. لەروانگەی ئەوەوە، رۆڵی رۆشنفكر ئەوەیە، كە تارادەیەك ئەندێشەی خەڵك بگۆڕێ 22.

لەوپرسیارانەی کەلەمەڕ ئەندێشەی فۆكۆ لەئارادایە ئەوەیە کەبەچ شێوەیەك توانیویەتی خۆی لەکۆتی ئەندێشەبالادەستەکانی سـەردەمـی خـۆی ،واتـا بونیادگەرایی (ریالیزم ودەرکەوتەناسی (ئایدیالیزم) رزگاربکات؟ یەكێك لەرێگاکان بۆ وەلامـدانـەوەی ئەم پرسیارە،هەڵسەنگانەنی چەندێتی و چۆنیەتی پیاچونەوەی فۆکۆیە لە مەردەسەلات و زانست ودیالۆگ .بەدەربرینێكی تر، ئەوپیاچونەوەی نوێ بۆ ئەندێشەی زاڵی مارکسیزم و ئەندێشە کلاسیکیەکان، مێژووی ئەندێشەکان و زماننانسی بونیادی پێشکەشدەکات. لەدەیەکانی – 1960و1970 دا ئەم سێ چەمکە رەخنەییە، چ دەروونی و چ دەرەکی، رووبەرووی قەیرانێكی جیدی بووەوە. لەم روەوە ناتوانرێت کارەکانی فۆکۆ بە بەرداشێكی ئەم قەیرانە بخوێنرێتەوە، واتا ساتێك كە فۆكۆ

گۆڕان بەسەر ڕێچکەی جوڵەی ئەندێشەی ڕەخنەیی دا (چ سیاسی چ کۆمەڵایەتی) دەهێنێت. دەتوانریٚ بگوترێ کە فۆکۆ لەجێی هەموارکردن و بەرەوپێشەوەبردنی ڕێگای پێشوو، ڕێگایەکی نوێ بۆبیرکردنەوە بەروی ئێمەدا دەکاتەوە. دەتوانرێ کارەکانی فۆکۆ بە داپچڕان لەئایدۆلۆژییە باڵادەستەکانی سەردەمی خۆی ،بەتایبەت مارکسیزم، هەژمار بکرێت. بەپێچەوانەی ئەگزیستانیستالیزمی سارتەر وجەبرگەرایی مێژووی مارکسیزم ، فۆکۆ مامەڵەیەکی تر لەگەڵ ئەم چەمك وبابەتانەدا دەکات .

لە ئامانجە سەرەکیەکانی فۆکۆ ،هەڵسەنگاندنی مێژووی شێوە جیاوازەکان و هەلمالینی پەردەیە، لەسەر ئەوهێزە کلتوری ومێژووییانەی، کە مرۆڤیان بۆ بابەتی دەسەلات و سۆژێتی زانست گۆڕیوە. فۆکۆ هاوکات سەرقالە بەسێ شێوازەوە :

1–سەرەتا شێوازەکانی توێژینەوەیە، کە دەیەوێت شان وپێگەی زانست بەخۆی ببەخشێت.بۆنمونە، ستراکتۆری ڕێزمانی زمان، کەلەنێویدا بکەری قسە دەگۆڕێت بۆبابەتێك .بە دەربڕینێکی سادەتر ،ڕێزمانی زمان ئامرازێکە کەمرۆڤ دەگۆڕێت بۆسۆژێتێك ،یاخود مرۆڤی بەرهەمهێنەر دەکات بەوسۆژێتەی کەکاردەکات .ئەم باسە بەتایبەت لەکتێبی یاسای شتەکان دا خراوەتەروو .44

2–ئەوشێوازانەی کەلەڕێگای (کارەجوێکەرەوەکان) یاخود (درزتێکەرەکان)Dividing Prictices لە دەرونی خۆیدا، یان لەوانی دیکەدا، سۆژێت دابەشدەکات .ئەم پرۆسەیە سۆژێت دەگۆڕێت بۆئەو شتەی کەشیاوی هەلسەنگاندن بێت: هاوشێوەی جیاوازی نێوان شێت و عاقل،نەخۆش و تەندروست . و گوناهکاران و(مرۆڤەباشەکان ).ئەم باسە لەکتێبگەلێکی وەك شێتی وژیار ،لەدایکبوونی دەرمانگە ،یاسا وسزاو مێژووی ڕەگەزییەت خراوەتەروو.

3–شێوازێك کەمرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو خۆی بۆ سۆژێتێك دەگۆڕێت .لەم بارەیەوە فۆکۆ قەڵەمرەوی (ڕەگەزییەت )دەگەڕێت.پرسیاری سەرەکی فۆکۆ لەم زەمینەیەدا ئەمەیە، کە بە چ شێوەیەك مرۆڤەکان فێربوون خۆیان بەبکەری (ڕەگەزییەت ) بزانن .

لە گرنگترین سیمای نوسینەکانی فۆکۆ، هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی ناوەرۆکی دەسەلاتە کە لەڕاڤەی ئەودا بۆ مێژوو دەبینرێت .فۆکۆ دەسەلات لەرەهەندی مێژوویی ئەودا دەدۆزێتەوە و دواتر هەڵیدەسەنگێنێت

وشرۆڤەیدەكات. ئەو زۆرێـك لـەدامـەزراوە كۆمەڵایەتیەكانی وەك نەخۆشخانەكان، شێتخانەكان، زیندان و زانكۆ و.....بەپێی گەشەكردنی مێژووییان هەڵیسەنگاندون وشرۆڤەی بۆ كردون، بەڵام بەرای ئەو، مێژوو پرۆسەك نییە كە لەنێویدا روداوەكان ،ئەندێشەكان،و ...... پێشكەوتنێكی نوسراوییان هەبێت .بەپێچەوانەوە ئەو لەوباوەڕەدایە كەئەم روداو و ئەندێشانە لەیەكدی جودا و سەربەخۆیە. ئەم تیۆری جوداییە بەیەكێكیتر لەداهێنانە فەلسەفییەكانی فۆكۆ دێتەهەژمار .بیرۆكەی دژەمێژوویی فۆكۆ، كۆمەڵێك لەزانستەكان (دیالۆگەكان)ە كەبەتوندی روداوەكـان جودا لەیەكتر دەبینێت،نەوەك بێ چەندوچون و جۆرێك پێشكەوتنی لەپێش دیاریكراو. بەم هۆیەوەیە كە زۆرینەی كەسەكان ناوی فیلەسوفی (جودایی)یان (ناپەیوەست ) یان لێناوە .توێژینەوە و شرۆڤەی فۆكۆ لە جۆرە زانستەكانی تریشدا لە فەلسەفەی ناپەیوەستی ئەودا شاردراوەتەوە. لە دیدی ئەوەوە پێشكەوتنی زانست قۆناغ نییە، تا لەو رێگایەوە لە حەقیقەت نزیكببینەوە؛ پێشكەوتنی زانست لەسەرستونی بنەمایەكی جێگیرو نەگۆڕنییە. لەرێگەی هەرئەم تیۆری ناپەیوەستەوەیە، كە فۆكۆ زانستی فەرمی و باڵادەست دەخاتە ژێرپرسیارەوە .

زۆرێـك رەخنە لە تیۆری دژەمێژوویی فۆكۆ دەگرن . فۆكۆ بۆ وەڵامـدانـەوەی رەخنەگرانی . تیۆرەكانی حەقیقەتی خـۆی بەكار دەبات .حەقیقەت لای فۆكۆ ئەو حەقیقەتە نییە كە فەیلەسوفانێكی وەك كانت و هیگل عەودالی بوون .ئەو بەدوای ئەو دەقانەدا نییە، كەلە نێو باشترین وتارەكان و بە بەهێزترین لۆژیك مانفێست كرابێت . ئەو بۆیە چەمكی هاوشێوەی حەقیقەت هەڵناسەنگێنێت، كە شرۆڤەیەك لە چەمكی ئەوان بەدەستەوەبدات . لەروانگەی فۆكۆوە چەمككەلێكی وەك حەقیقەت ناوكەكانی دەسەڵاتن .نابێ لەروانگەی نوسەر، یاخود خوێنەرەوە بۆ ئەم چەمكانە بروانرێت ،بەڵكو دەبێ لەم دیدگایەوە ئاوڕلەوانە بدرێتەوە، كەبە چ شێوەیەك سازێنەری پەیوەندی دەسەڵاتن .بۆ نمونە ،بۆپەیبردن بە چەمكی هاوشێوەی (خۆرئاواگەرایی ) یاخود (هێرشی كلتوری ) نابێ هەمیشە روو لەنوسینی كەسانێكی وەك، ئال ئەحمەد، یان شەریعەتی ،یاخود كەسانێك كە رەنگە ،بەبەكاربردنی ئەم چەمكانە ،زۆترین كاریگەرییان هەبووە، بكرێت، بەڵكو دەبێ بـەدوای چەمك گەلێكدا بێت، كەلەنێو خودی كۆمەڵگە و لەلێدانی

دڵی ژیانی گۆمەڵایەتی نزیکترە .لەراستیدا ،بۆباشتر دەرککردنی ئەم چەمکانە دەبێ پەیوەندی بەخەڵکی کۆچە و بازار، پەیوەندی بەکرێکار و فەرمانبەر و قوتابی و خوێنکارەوە بکرێت، چونکە هەر لە دیالۆگەکانی ئەم خەڵکە ئاساییەدایە، کەکایەی دەسەڵات ومەسەلەی (خۆرئاواگەرایی ) یاخود (هێرشی کلتوری ) خۆی پیشاندەدات . لای فوکۆ،چەندین راڤەی شارەزاترو ئاڵۆزتری حەقیقەت بوونی هەیە.لەروانگەی ئەوەوە، لەمێژوودا حەقیقەتێکی بێهاوتا بوونی نییە، کە رووداوەکان تۆماربکات . بەپێچەوانەوە فوکۆ رەخنە لە (حەقیقەتی باوی مێژوویی ) دەگرێت و لەوباوەرەدایە کەرەنگە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی باشتری مێژوو بتوانێت پێکهێنەری (هەستی ناسێکی زەمەنی حاڵ) بێت .

سەرباری ئەمەش ،هەڵسەنگاندنی مێژووی فوکۆ لەسەرستونی جوڵە نییە، لەگشتەوە بۆ بەش (Deductive) ئەولەسەر پرەنسیبی تێزێك، بە دوای هەڵسەنگاندنی مێژوویی خۆیدا هەنگاو نانێت، کە دواتر بتوانێت جێی پەسەندی کەسانی تر بێت بەپێچەوانەوە هەڵسەنگاندن وشرۆڤەی مێژوویی ئەو، لەمەر چەندین دامەزراوەی تایبەت و دیاری مێژووییە، تا لەو رێگایەوە بتوانێت دەستی لەبیرۆکەیەکی گەورەتر گیرببێت، کە هەمیشە لە حاڵەتی پێشکەوتندایە. هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی مێژوویی فوکۆ، لەسەرئەم بنەمایە نییە، کە بە وردبینیەوە مێژوو بخوێنێتەوە تا تیۆرێکی لەمەردەسەڵات دەستکەوێت. هەڵسەنگاندن وشرۆڤەی مێژووی فوکۆ، بەدیهێنەری چوارچێوەیەکە کەلەنێویدا دەرونی و خۆیی بوونی دەسەڵات پێشدەکەوێت .رەنگە بەهۆی ئەم فاکتەرەوە بێت، کە فوکۆیان بە فەیلەسوفی هەلومەرجە دیارەکانیش ناو بردوە .لەروانگەی ئەوەوە هیچ تیۆرێکی گەورە، ناتوانێت چۆنیەتی کارپێکردنی دەسەڵات لەهەموو ناوەندە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکاندا رۆشنبکاتەوە .ئەو پرسەی کەبۆ فوکۆ لەئارادایە ،ئەوەنییە کەبۆچی هەندێك کەس دەسەڵاتخوازن و ستراتیژی ئەوان بۆ ئەم جۆرە باڵادەستیە چییە ؟بەپێچەوانەوە پرسیاری سەرەکی فوکۆ ئەمەیە، کە بەچشێوەیەك و لەچ پرۆسەیەکدا سۆژێت لەژێرچەپۆکی دەسەڵاتداجێگیر دەبێت و رەفتارەکانیشی بەسەرئەودا دەسەپێنێت ؟ بەواتایەکی تر ،بۆنمونە لەجێی ئەوەی پرسیار لەخۆمان بکەین، بەچ شێوەیەك فەرمانرەوا بەدیهات و خۆی سەپاند، دەبێت بپرسین بەچ شێوەیەك هێدی هێدی سۆژێت لەروی

جەستەیی و فکرییەوە لەژێردەسەڵاتی فەرمانڕەوادا جیگیردەبێن، بەدەربڕینێکی تر ،دەبێ ئاور لەوپرۆسانە بدەینەوە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە مرۆڤ دەبێتە سۆژێت .

فۆکۆ لەلایەکەوە ،بەدوای کارپێکردنی ئەو وردە دەسەڵاتانەدایە کەلەنێو خێزان ،زیندان ،نەخۆشخانە ودامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی تردا بەکاردەبرێت و لەلایەکی ترەوە ،عەوداڵی ناسینی جۆرەکانی خۆراگری و دژایەتیەکانە کە لەبەرامبەر دەسەڵاتەجیاوازەکاندا شێوەدەگرێت .ئەم خۆراگری و دژایەتیانە ،سیمای جیاوازی وەرگرتوە، بۆنمونە دژایەتیکردنی (سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا ،دایك و باوك بەسەر منداڵاندا،پزیشکی دەرونی بەسەرنەخۆشی دەرونیدا ،پزیشکی ،بەسەر گشت دانیشتوان وسەپاندنی دەسەڵاتی دەزگای ئیداری بەسەر شێوازەکانی ژیانی خەڵکدا ) 33 فۆکۆ تەنها بەهۆی فاکتەرێکەوە ئەم خۆراگری و خەباتانە بۆ توێژینەوەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت، کە دەبێتە مەترسی بۆ بەهاکانی تاك .ئەم خۆراگری و دژایەتیانە لەبەرامبەر تاکیەتییەکدایە کە لەلایەن کەسانیترو لە قالبێکی ئەندێشەیی و بەدامەزراوەیی بوونیدا،پێناسە دەکرێت. بەمانایەکی تر ئەم خەباتانە دژی شوێنەواری دەسەڵاتێکە کە لەگەڵ زانست و توانایی وشایستەییدا گیری خوارد .44 بەرای فۆکۆ ئەم خەباتانە خۆیان بەم ڕوخسارانەی خوارەوە پیشاندەدەن 1–خەبات دژی جۆرەکانی دەسەڵات (نەتەوەیی ،کۆمەڵایەتی ،ئاینی )؛2–خەبات دژی جۆرە جیاوازەکانی ئیستیغلال کە کەسەکان لەوشتەی کەبەرهەمیدێنن جودادەکاتەوە.؛3–خەبات دژی ئەوشتەی کەتاك بەخۆیەوە دەبەستێتەوە و لەو ڕێگایەوە تەسلیمی کەسانی تری دەکات (هاوشێوەی خەبات دژی دەسەمۆ و جۆرەکانی سۆژێت بوون و خۆبەدەستەوەدان ).55

ڕەنگە ئامانجی ئەمرۆی ئێمە ئەوە نەبێت، کەچییەتی خۆمان ئاشکراکەین ،بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو شتەبێت کەهەین. فۆکۆ بۆ ڕزگاربوون لەم بوونبەستە، دووڕووی سیاسی پێشنیار دەکات کە هاوکات هەمان تایبەتمەندیەکانی تاکسازی وگشتی سازی بونیادەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنەیە ،کەدەبێ لەم بارەیەوە تێبفکرێین کەدەمانتوانی چ شتێك بین، جگە لەو شتەی کە هەین .66 ئەگەر بەم شێوەیە تێبفکرێین ،ئاکامەکەی ئەمە دەبێت کەمەسەلەی ئەخلاقی ،کۆمەڵایەتی وفەلسەفی سەردەمی ئێمە ئەمەنییە کە هەوڵبدەین تاك لەدەستی حکومەت

ودامـەزراوە حکومییەکان رزگار بکەین،بەڵکو ئاکامەکەی ئەمەدەبێت کەخۆمان هەم لەدەستی حکومەت وهەم لەکۆتی ئەو تاکسازییەی کەبەحکومەتەوە گرێدراوە رەهاکەین .ئێمە، دەبێت لەرێی ئەم جۆرە تاکییەتیەوە، چەندین جۆری نوێی سۆژێت پەروەردەکەین، کەچەندین سەدەیە خۆی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە .77

زۆرترین کارەکانی فۆکۆ تایبەتە بەهەڵسەنگاندنی هەلومەرج و بونیادە دیارو تایبەتەکانی مێژووەوە .ئەو هەرگیز هەوڵی بەدەستهێنانی تیۆرێکی شمولی لەمەردەسەلات نەداوە .لەو فاکتەرانەی کەدەسەلات لای فۆکۆ گرنگی زۆری هەیە ئەمەیە کە :

1–لـەدیـدی ئـەوەوە پەیوەندیەکانی دەســـەڵات ، هۆکاری دیاریکردنی گۆرانکاریەکانی مێژوە.کەم تازۆر هەموو خوێندنەوەکانی فۆکۆ لەمەردامەزراوە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پیشاندانی ئەم روانگەیەیە.46

2–لای فۆکۆ ،هیچ کەس ناتوانێت لەدەسەلات هەڵبێت وناتوانرێ جێ پێی دەسەلات لە کەسێك ،پاشایەك ،حکومەتێك، یاخود دیکتاتۆرێکدا پەیدا بکات .دەسـەلات لەهەموو ئاستە کۆمەڵایەتیەکاندا پرشوبلاوە .ئەمەبەومانایەیە کەدەسەڵات هەمیشە لە جێیەکدا جێگیر نییە و هەموو رۆژێـك و لەهەموو جێیەك خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت و هەرگیز ناتوانێت دەسەلات پوچەڵ و یەکالابکرێتەوە .بەم پێیە دەبینین، کە خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ دەسەلات ،لەلایەکەوە فەلسەفەی مێژوو دەخاتە ژێرپرسیارەوە، لەلایەکی ترەوە لەروی راڤەی مێژووییەوە،هەلسەنگاندن و شرۆڤەی ئەو بۆ زاتی دەسەلات ، هەمووی تازە و نوێیە .

لەو چەمکانەی کەناوەندی قورسایی چوارچێوەی شرۆڤەی فۆکۆ لەمەردەسەڵات پێکئەهێنێت، چەمکی (دیالۆگە) دیالۆگەکان، نەتەنها پەیوەست بەو شتانەن کەدەتوانرێت لە بارەیانەوە قسە، یاخود بیر بکرێتەوە ،بەڵکو لەمەرئەمەشە، کەچ کەسێك ،لە چ کاتێکدا و بە چ فەرمانێك دەتوانێت قسە بکات .ئەوانە مانا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستەدەکەن ؛ ئەوانەپێکهێنەری زەیـن و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتن . دیالۆگەکان لەمەربابەتەکان نابێژن وئەوانە دیاریناکەن ؛ ئـەوان سازێنەری بابەتەکانن و لەپرۆسەی ئەم دروستکردنەدا، دەسـت تێوەردانی خۆیان دەشـارنـەوە 88. لەم روەوە لەرێگەی پێگە کۆمەڵایەتی و رێکخستنەکانەوە، ئەگەرەکانی ماناو پێناسە

بەدەستدێن، کەلەلایەن بەکاربەرانی دیالۆگەوە داگیرکراوە . بەم پێیە مانا و چەمکەکان لەدەرونی زماندا دروستنابن، بەڵکو لەهەناوی کارەکانی ڕێکخستن و پەیوەندیەکانی دەسەلاتدا دروستدەبن .هەر کە دەستەواژە و چەمکەکان لەدەرونی دیالۆگە جیاوازەکاندا پەرەی سەند ، ماناو کاریگەریشیان گۆرانی بەسەردا دێت . دیالۆگەکان ئەگەری تێفکران دەسەپێنن ، ئەوان واژەکان لەرێگای تایبەتەوە پێکدەهێنین ،یان ئالوگۆریان دەکەن، یاخود دەبنە بەربەست لەبەردەم پێکهێنانی تردا .بەهەر حاڵ لەو جێیەی کەدیالۆگەکان لەسەرپرەنسیبی دەرپەراندن و لەخۆگرتەیی ، هەروەها لەگەڵ شتانێکدا کەدەتوانرێت، یان ناتوانرێت بگوترێت ، دروستکراون و لەنێو پەیوەندێکی ململانێ ئامێز، لەگەڵ دیالۆگەکانی تردا ،چەندین مانای تر ،خواستی تر ،ماف و پێگەی تر جێگیر دەبن .ئەوە هەمان (بنەمای جودایی )یان (ناپەیوەستەیی )فۆکۆیە .ئەو لەو باوەرەدایە کە (ئێمە دەبێ ئالۆزی و لەرزۆکی دەسەلات –لەجێیەك کەدیالۆگ دەتوانێت هەم ئامراز هەم بەرهەمی دەسەلات ، هەروەها بەربەستێك ،مایەی هەڵخلیسکانێك ،خاڵی بەرگریەك و خاڵی دەست پێکردنێك بۆستراتیژیەکی پێچەوانە بێت ، قبوڵبکەین .99 (دیالۆگ هەم میوەی دەسەلاتەو هەم بەرهەمهێنەری دەسەلات ،هەم وزەبەخش و هەم لەناو بەری دەسەلاتتە .10(

فۆکۆ بەراوردی نێوان دیالۆگەکان و دەرەنجامەکانیان دەکات . دیالۆگەکان تەنها نوسین ،کتێب ،دەق و وتارەکان نین ،بەڵکو نموونەی کارو کارپێکردنەکانیشیانە .بەواتایەکی تر فۆکۆ ڕێگایەك لەبەردەمماندا دادەنێت، کەبەو ڕێگایە بتوانین هەم لەدەرەوە بۆ ناوەوە ، و هەم لەناوەوە بۆ دەرەوەی دەقەکان هەنگاو بنێین . فۆکۆ ئەو شتەی لەسەردەمە جیاوازەکاندا، پەیوەستی دەکات بە دیالۆگەکانەوە ناوی دەنێت (سیستەمبیریەکان ). ئەم سیستەمانە بنچینەکانی بێئاگایین، کەلەرێگای ئەوانەوە واژەکان ،شتەکان وکردارەکان لەیەکدا ئاوێتە دەبن . ئەم بنچینانە تۆرێکن کەبەکارهێنانی دیالۆگەکان ئاساندەکات . بە دەربرینێکی سادەتر ئەو دیالۆگەکان وکارپێکردنەکانی لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکات .سیستەمەکانی ئەندێشە لای فۆکۆ Systems of thought،چەند جۆرێکن کەلەرێی ئەوانەوە ،لەخولێکی زەمەنی دیاردا ،زانستەکان تاك دەبنەوە و هاوسەنگی خۆیان بەدەستدەهێنن و داخلی

قەڵەمرەوی پەیوەندیەکان دەبن .

فۆکۆ مێژوی سیستەمەکانی ئەندێشە بۆسێ بەشی پەیوەست بەیەك پۆلێندەکات : بەراوردکردنی دووبارەی زانست ،هەل ومەرجەکانی زانست وناسینی بابەت . فۆکۆ لەدەیەکانی کۆتایی ژیانیدا ،بێئەوەی وەفاداری خۆی بۆ دووبەشی یەکەم لەدەست بدات ،جەخت لەسەر بەشی سێیەم واتا ناسینی بابەت (سۆژێت )دەکاتەوە . بەشێك لەتوێژینەوەکانی ئەو پەیوەستە بە (زانستی بۆماوەیی )ە وە . ئامانج لەم توێژینەوانە، پەرەپێدانی هەلسەنگاندن بوو لەزەمینەی مێژووی سروشتی وبیۆلۆژی دا، کەئەو لەکتێبی یاسای شتەکاندا دەستپێکردبوو .یەکێك لەپرسە بونیادیەکانی ئەو ئەمەبوو، کەبە چ شێوەیەك زانستە بێبەهاکان، کە دەوروبەری ئێمەیان تەنیوە (وەك زانستی ژێنەتیك (بۆماوەیی ) توانیویانە شکڵ وکاری (زانست ) ێك پەیدا بکات ؟.ئەم زانستە لە چ رێگایەکەوە بیۆگرافی خۆی داخڵی ناوەندی زانستکردوە و لەگەڵ بونیادەکانی تری زانستدا یەکیانگرتوە ؟.بەرای فۆکۆ ،بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە ،ئاتاجی چەمکە فەلسەفیەکان و توێژینەوە وردە ئەزمونیەکانین .فۆکۆ بەپشت بەستن بەسەرچاوە و چەمکەکانی بەردەست ،تێئەکۆشێت مانا و کارپێکردنی نوێیان پێببەخشێت . بەواتایەکی سادەتر ،دەتوانرێت بگوترێت کەئەو خۆی دەئاخنێتە تۆرێك، کەلەنێویدا مێژووی شێوازەکانی کار، لەگەڵ مێژووی دیالۆگەکان بەیەك دەگەن .

فۆکۆ لەکتێبی یاسای شتەکاندا کەلەساڵی 1966دا بلاو کرایەوە ،بێ سەبرانە هەوڵئەدات بەبەرهەم وکاری زمان سیمایەکی نوێ ببەخشێت . لەیەکێك لەوتارە ناودارەکانی خۆی، کەلە زانکۆی فەرەنسا بەناونیشانی (یاسای دیالۆگەکان )پێشکەشی کرد ،فۆکۆ ئامانج لەتوێژینەوەکانی خۆی رەخنە گرتنە لە (ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت ) و گەراندنەوەی تایبەتمەندی دیالۆگ وەك روداوێك ،و لەناوبردنی دەسەلاتی بەڵگەدار Signifey بەرونی رادەگەیەنێت .11

لەپرسە سەرەکیەکانی نێو ئەم وتارە ئەمەیە، کە بەچ شێوەیەك چەمکی (ئـیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت ) لـەگوزەری مێژوو و دیالۆگەکانی ئێمەدا ماوەتەوە ؟ دەتوانرێ چ جیاوازیەك لەنێوان(ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت ) و (ئیرادەی پەیوەست بەزانست )لەبەرچاو بگرین ؟ فۆکۆ هەوڵئەدات لەرێگای ناسینی سیستەمەکانی دورخستنەوە

(مێژوویی ،چاکسازیی پەزێر ،سنوربەندییەکانی دامەزراوەیی)،لەپرۆسەی گەشەکردندا ، وەلامـی ئەم پرسیارانە بداتەوە، .12 ئەم رەوشـە بەرهەمی یەکێك لەکارەکانی فۆکۆیە .فۆکۆ لەهەمان سەرەتای کارە توێژینەوەکانی خۆیدا ،شوناسی کارکردی سیستمی ئەو دەرپەراندن و پێکەوە بەستنەی کە لەگەڵ ئەو پۆلێنکردنە زانستییەی کە هەیانە ،دەناسێنێت و شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ دەکات ، ئەو بەردەوامی بەهەڵسەنگاندن وشرۆڤەکانی خۆی لەمەر(ئیرادەی پەیوەست بەزانست ) دەدات ،بەلام ئەم هەڵسەنگاندن وشرۆڤانە هێدی هێدی لەچەندین چوارچێوەی جیاوازدا جێدەگرن .لەلایەکی ترەوە ،چەمکی (ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت )لەکارەکانیدا بەتەم ومژاوی دەمێنێتەوە . لەهەندێ جێدا ،تەنانەت هاوکات ،چەندین جیاوازی لەنێوان ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت وئیرادەی پەیوەست بەزانست بەروالەت دەبینێت ،تائەوکاتەی کەفۆکۆ نەچووبوویە زانکۆی فەرەنسا ،چوارچێوەی چەمکێکی روونی ئەم دووانەی پێشکەش نەکردبوو .لەم زانکۆیەدا فۆکۆ وانە (ئیرادەی پەیوەست بەزانست ) دەڵێتەوە و بەڵێن بەخوێنکارەکانی خۆی دەدات تاچەندین گۆرانکاری (Morphology)شکڵە جیاوازە کانی (ئیرادەی پەیوەست بەزانست ) لەرێی توێژینەوەی مێژوویی وپرسی تیۆریەوە ،بەش بەش بۆیان رۆشنبکاتەوە . ئەم وانەیە بەرونکردنەوەی جیاوازیەك دەستپێدەکات، کە لەنێوان (زانست )Knowledgeو (فێربوون )Leorning و نێوان (ئـیرادەی پەیوەست بەزانست ) و(ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت )هەستپێدەکات، هەروەها لە ئەو باری سۆژێت، یان سۆژێتەکان لەمەرئەم جۆرە ئیرادەیە، روبـەروی رەخنە و هەڵسەنگاندن دەکاتەوە .

بەشێك لەهەڵسەنگاندن وشرۆڤەی فۆکۆ ،لەپێکهاتەو چرکردنەوەی ئەم دووئیرادەیەدا ،بەدەستهاتووی ئەندازەگیریە، کەلەنێوان دوونەندێشەی تـەواو دژبەیەکی ئەرستۆ و نیچەدا ئەنجامیدەدات . فۆکۆ ئەرستۆ بەمە راڤەدەکات، کەئەندێشەکانی ئەو پشتی بەستونی جیهانگیری و سروشتی بەستووە .بەرای ئەرستۆ هەماهەنگیەکی لەپێش دیاریکراوی نێوان هست ،چێژ، زانست وحەقیقەت بوونی هەیە . ئامراز، یاخود وەسیلە وەرگرەکانی ئێمە بەجۆرێك دروستکراون، کەدەتوانن پێوەنێك لەنێوان چێژ و زانستدا (بەتایبەت زانستی ئەزموونی ) ئەنجامبدەن .هاوشێوەی ئەم پێوەنە تابالاترین قۆناغی زنجیرەبەشەکانی زانین ،واتا

قوڵ ئەندێشی، یاخود تێرامان ، بەردەوامی هەیە .ئەرستۆ لەسەرەتای کتێبی میتافیزیادا ئاماژەدەکات، کەبۆناسینی خود ،شوروشەوقی زانین پێویستە و ئەم جۆرەشەوقە لەناوەرۆکی ئێمەدا خۆی حەشارداوە . مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی، بەدوای زانستدا دەگەڕێت و لەم گەڕانەش چێژ دەبات .فۆکۆ لەلایەکی ترەوە ئەندێشەی نیچە لەمەڕ (زانستی هەرزە، یاخود شەهوانی Gay Science ) وەك خاڵێك بەرامبەر ئەندێشەی سروشتگەرایی ئەرستۆ دەیخاتە ڕوو . زانست con naissance لای نیچە بەدەستهێنان، یاخود چنگ خستنی جیهانگیریەکان نییە، بەڵکو داهێنانێکە کەپیسترین غەریزەکان ،خواستەکان ،ئـارەزو و ترسەکانی مرۆڤ دائەپۆشێت .بەڕای نیچە هیچ هەماهەنگییەکی لەپێش ئامادەکراو لەنێوان ئەم خواستانە وجیهاندا بوونی نییە .ئەم خواستە ئەگەریانە ، زودگوزەرو بەدیهێنەری بەدخوازی ئەو خواستە فێڵبازانەن کەبۆمانەوەی خۆیان هەمیشە پێکەوە لەجەنگدان وخۆیان بەسەریەکدا دەسەپێنن .نەتوانابیەکە نە هێزێکی زەینی سروشتی ، بەڵکو کۆمەڵێکە لەهەولو تێکۆشانەکان ؛ زانست ئامرازێکی جەنگە لەخزمەت جەنگێکی جیهانگیری دەسەڵات وخۆبەدەستەوەدان .زانست هەمیشە ،بەبەراورد لەگەڵ جەنگ وهەوڵدانەکاندا ،بەپلەی دووەم دێت . زانست بۆشکۆفایی لەگەڵ چێژدا یەکی نەگرتوە ،بەڵکو ئامرازێکە کە بۆ جەنگ و دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی ئامادەکراوە .حەقیقەتی گەورەترین درۆ ،نزیکترین هاوپەیمان و نزیکترین دوژمنی ئێمەیە.

ڕاڤەی فۆکۆ بۆ ئەم دووبیرمەندە ،بەهۆی ئەو ناسازگارییە توندەی لەگوڵیەکدا هەیانە ،ڕێگایەکی ڕوناك بۆناسینی جیاوازی نێوان (ئیرادەی پەیوەست بەزانست ) و(ئـیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت ) بەروی ئێمەداناکاتەوە .وادێتە بەرچاو کە فۆکۆ قەسدی ڕونکردنەوەی ئەم جۆرە جیاوازییەی نییە، بەڵکو دەیەوێت شوناسی کاری ئەوانە لەمێژووی ڕۆژئاوادا پیشانبدات .لەڕاستیدا دەتوانرێ بگوترێ کەئەو دان بەجیاوازی نێوان ئەم دوانەدا دەنێت، بێ ئەوەی لەمەڕ جیاوازییان قسان بکات، بەلام لەنوسینەکانی دواتری فۆکۆدا دەبینین، ئەو بەردەوامی بەهەڵسەنگاندن وشرۆڤەی ئەرستۆ و نیچە دەدات و بەجۆرێکی جیاواز لەیەکدا ئاوێتەی کردون . دواتر پەی بەپەیوەندیەکی نزیکتری نێوان چێژ و هاودەمی و کاری حەقیقەت ،وەك مەسەلەیەکی نوێ، کە وەبیرهێنەرەوەی چەمکی ئەخلاقە دەدات ؛ هەرچەند لەشرۆڤەکانی خۆیدا، هەرگیز وەلامەکانی

ئەرستۆ، یاخود میتافیزیکی ئەو بەکار نابات .رەنگە هەر ئەم بەراوردەی نێوان ئەرستۆ و نیچەیە، کەفۆکۆ ڕووەو ناسینی پەیوەندی دەسەلات ڕاپێچ ئەکات .

جولە رووەو دەسەلات : لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی 1970دا،فۆکۆ لەبابەتە فەلسەفییەکان وتەنانەت بابەتی وەرەسە مەودادەگرێت و زیاتر بەتوێژینەوەی بابەتانێك سەرقاڵ دەبێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەتەکنۆلۆژیاکانی دەسەلاتەوە . بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری خوێندنەوەی فۆکۆ، بۆ چەمکی ئەخلاق ،دەبێ ئاماژە بەچەند خاڵێك بکرێت .لەنێوان ساڵەکانی 1975 و1976 دا ، فۆکۆ وانەیەکی لەزانکۆ بە ناونیشانی (دەبێ بەرگری لەکۆمەڵگا بکرێت ) پێشکەشکرد . قسەکانی فۆکۆ بەداوای لێبوردن لە ئەندێشەکانی پێشوو دەستی پێکرد . ئەگەرچی دەیویست لەم وانەیەدا توێژینەوەکانی چەند ساڵەی خۆی تێکەڵ بەیەك بکات وبەئاکامێکی نوێ بگات ،بەلام ڕووبەڕوی کێشەی چۆنیەتی ئەنجامدانی بوو. فۆکۆ دلشکاوە بەوەی کە ئەگەرچی توێژینەوەکانی پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە، بەلام نەیتوانیوە بەشێوەی گشتێك هەماهەنگ و بەردەوام پێشکەشی بکات . بەرەنجامی ئەم ئیعترافە سەختە ،نوسینی کتێبی (یاسا و سزا) و بەرگی یەکەمی (مێژووی ڕەگەزییەت) بوو لەساڵەکانی 1975و1976دا.

لەو جێیەی کە فۆکۆ بەوانەوتنەوەوە سەرقاڵ بوو ،بڕیار دەدات لەدرێژەی وانە وتنەوەی خۆیدا بەبابەتی پەیوەندیەکانی دەسەلاتەوە سەرقاڵ بێت .ئەو لەو باوەڕەدایە، کەئێمە ناسینێکی ڕاست ودروستمان لەچەمکی دەسەلات نییە و شتێك زیاتر لەکاردانەوەی بونیادە ئابوریەکان نابینین . بەرای فۆکۆ تەنها دووڕێگەچارە لەدەستی ئێمەدا بووە :

1- رێگەچارەیەك کە میکانیزمەکانی دەسەلات وسەرکوت کردنی بەیەك زانیوە .

2- رێگەچارەیەك کەپرەنسیبی پەیوەندییەکانی دەسەلاتی جێ کردوەتەوە، لەنێو شەری دوژمنانەی نێوان، هێزە شەرکەرەکان. فۆکۆ ئەم ڕوانگەیەی لەمەڕ دەسەلات بەڕوانگەی نیچەیی دەزانێت .نموونەی یەکەم، پەیوەست بوو، بە ئەندێشەی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم و پاشماوەی پەیماننامە کۆمەلایەتیەکان بوو، کەلەنێویدا کەسەکان مافی سروشتی خۆیان لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی دوولایەنە بەفەرمانرەوای دەبەخشن، تائاشتی و شکۆفایی بەدەستبهێنن . ئەم نموونەیە چەندین

سنوربەندی یاسایی ڕوون و ئاشکرای هەیە . کاتێك کە فەرمانڕەوا دەسەلاتی خۆی زیاتر لەو دەسەلاتەی، کەپەیماننامە پێیبەخشیوە بەکار ببات ،دەتوانرێ بەکاربردنی ئەم جۆرە دەسەلاتە، بەسەرکوتکردن بشوبهێنرێت، بەواتایەکی تر ،دەسەلاتی ڕەوا سنوردارە .لەنمونەیەکی تردا ، واتانموونەی جەنگ ودەسەلات ،دەسەلات هاوشێوەی پەیوەندی هەمیشەیی ئەو هێزانە، دەرك دەکرێت، کە ئامانجیان خۆبەدەستەوەدانە .لەم نموونەیەدا، یاسای دەسەلات، هیچ مەرز و سنورێکی دەرونی نییە .دەسەلات تەنها عەودالی سەرکەوتنە . فۆکۆ لەم وانەیەدا، بەگوێگرانی خۆی دەلێت:( زۆر) روونە کە کارەکانی من لەم چەندسالەی دوایدا، پشتی بە نموونەی دووەم بەستووە ،بەلام ناچاربووم لەبەر دوو هۆکار چاوی پێدابخشینمەوە :

1–سەرەتا ،کەم وکوری ئەم هەلسەنگاندن وشرۆڤانە، و..... و......

2–دووەم بەوهۆیەی کەچەمکە سەرەکیەکانی ئەم هەلسەنگاندن و شرۆڤانە،ئەگەر نەمانەوێت بەگشتی ڕەهای کەین ،دەبێ بیگۆڕین و سەرلەنوێ پێناسەی کەین .ئەم چاوخشانە ناچاریە لەئەنجامێك بونیاد دەگرێت، کە فۆکۆ پێیگەشتوە فۆکۆ ،گەشتە ئەو ئەنجامەی، کە هەلسەنگاندن و شرۆڤەکانی ئەو لەمەر میکانیزم و بەرهەمەکانی دەسەلات بۆ هەلسەنگاندن و ئەو شرۆڤەپەرشوبلاوەی کە ئەمرۆ لەم بارەیەوە بەکاردەبرێت ، زۆر کرچ و کالە .

لێرەدا فۆکۆ خۆی لەبەردەم کێشەیەکی نوێدا دەبینێت .لەکۆتایی هەرئەم سالی خوێندنەدا ، فۆکۆ چریەك لەوانەی خۆی پێشکەشدەکات .ئەو دەرك بەوە دەکات، کە بۆ گەشتنە هەلسەنگاندن و شرۆڤەیەکی وردی پەیوەندیەکانی دەسەلات ،دەبێ نموونەی دادوەری دەسەلات وەلانرێت و رەهابکرێت ؛نموونەیەك کەلەنێویدا ئەم گریمانەیەی تێدایە کەتاك سۆژێتێکە، خاوەنی مافی سروشتی و دەسەلاتی بەرایی . فۆکۆ هەرگیز بەشێوەیەکی شێلگیرانە، تاکی هاوشێوەی سۆژێتێك کە هەلگری مافی سروشتی بێت، هەژمارنەکرد .ئەو لێکچونێك لەنێوان تاکێك کەخاوەنی دەسەلاتی بەراییە و سۆژێتێك کەنیچە ئاماژەی پێدەکات دەبینێت .لەوجێیەی لای فۆکۆ ،ئەوسۆژێتەی کەنیچە دەیناسێنێت بۆهەلسەنگاندنێکی ڕەچەلەکناسیانە بەس نییە ،خۆی بەئاتاجی ئەوەدەبینێت کە دووبارە بە بابەتەکەدا بچێتەوە .

ئەم پیاچونەوەیە بەچەندین پرسیاری نوێ دەستپێدەکات

کەلەساڵەکانی 1975و1976دا زەینی فۆکۆ سەرقاڵدەکات . بەچ شێوەیەك ولەچ زەمەنێکدا مرۆڤی مۆدێرنی ڕۆژئاوا ، ڕاڤەی پەیوەندیەکانی دەسەلات بەوێنای کیشمەکێش و جەنگ دەست پێ دەکات ؟ئایا کێشمەکێش و جەنگ نموونەیەکی گشتیە بۆ هەموو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ؟بەچ شێوەیەك و لەچ کاتێکدا ڕاڤەیەك بەدیدێت، کەلەسەر ئەو بنەمایە ،سۆژێت وەك تاکێك پێناسە دەکرێت، کەخاوەنی دەسەلاتی بەراییە بۆ جەنگخوازی و داگەرانی سروشتی بۆجەنگ ؟بەچ شێوەیەك ولەچ کاتێکدا چەمکی مێژوویی – سیاسی جەنگ لەجێی چەمکی فەلسەفی–دادوەری دەسەلات دادەنرێت ؟ بەچ شێوەیەك حەقیقەت، کاری ئامرازێکی جەنگ بەخۆیەوە دەگرێت ؟بەچ شێوەیەك لەدەرونی ئەم چەمکەدا سۆژێتێك سەر دەرئەهێنێت، کەلای ئەوحەقیقەتی جیهانگیر و یاسای سروشتی ،لەوەهەم و داوێك زیاترنین ؟ بەچ شێوەیەك ئەم شکلە خەمگین ورەخنەیی وئەفسانەییە،تێگەیشتنی خۆی و کاری پاش ئەو بەدیهاتووە ؟لەژێرسێبەری چ هەل ومەرجێکدا روخسارێك بەدیدێت کەرۆڵی ناوبژیوان وددادوەری بێلایەن کە فەیلەسوفەکان ،لەسۆلون بگرە، تا کانت و تەنانەت هابرماس ،بۆئێمەیان دەستنیشانکردبوو، رەتدەکاتەوە ؟بەچ شێوەیەك دەبێ بنەمای ڕاڤەیەك شرۆڤە و هەڵسەنگێنرێت، کە لەتوندوتیژی ،نەفرەت پەرێشانی و تۆڵە بونیاد دەگرێت ؟ بەچ شێوەیەك دەبێ پرەنسیپی ڕاڤەیەك شرۆڤە و هەڵسەنگێندریت کەمێژوو بە کۆمەڵێك لەرووداوە چانسیەکان، هەژمار دەکات ؟ ئەم چەمکە مێژووییە، کە دەتوانێت هەم غوربەتی چینی ئەشرافزادەکان و هەم نەفرەت خوازی عامەی خەڵکی لەگەڵ خۆی هەبێت ،چ مەسارێکی تەیکردوە ؟ لای فۆکۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسارەدا ،لەلایەکەوە دەرفەتی دەستخستنی وەلامێك بۆئەم پرسیارە فەراهەم دەکات، کەبە چ شێوەیەك کلاوس ویتش سەریدەرهێناوە و لەلایەکی ترەوە بەچ شێوەیەکی وا چاوەڕێ ئەم پرسیارە وەبیردەهێنێت، کەبەچ شێوەیەك دەرفەت پەرێز بووە ؟

بەبلاوبونەوەی کتێبی (ئیرادەی پەیوەست بەزانست )لەساڵی 1976دا، فۆکۆ سیمایەکی نوێ بەدەرکی خۆی لەمەر پەیوەندیەکانی دەسەلات دەبەخشێت، هەروەها ئەو ڕێی لەرێگایەك دەکەوێت، کەتێگەیشتنیشی بۆ زانست و سۆژێتیش دەگۆرێت .فۆکۆ ئەوفەرزایانەی کەلەنێویدا زانست ،هاوکات بەشێوەگرتنی دەسەلات بێتەبوون و

بتوانێت ئەو زانستە بۆجەنگ رابکێشێت ، رەتدەکاتەوە . بەمانایەکی تر ،لەهەرجێیەك دەسەلاٚت بەکارببرێت ،زانستیش بەرهەمدێت .ئەم روانگەیە راستەوخۆ پێچەوانەی روانگەی رۆشنگەرییە، کەتەنها ئەو کاتە زانست دێتەبوون، کە دەسەلاٚت بووەستێنرێت، بەلاٚم لای فۆکۆ هیچ پەیوەندییەکی دەسەلاٚت بێ پێکهاتنی ناوەندێکی دەسەلاٚت ئیمکانی نییە ،و هیچ زانستێکیش نییە، کەلەخۆگرتەی پەیوەندی دەسەلاٚت نەبێت رەنگە بەم هۆیەوەیە کە فۆکۆ بەراوردێك لەنێوان چەمکەکان و ئەوپەیوەندییەی کەلەگەل زانست و دەسەلاٚتدا هەیەتی دەکات. بەرای ئەو ،(دەسەلاٚت و زانست لەدەروونی چەمکدا لەگەل یەك دەبنە جەستەیەك، 13 لەئاکامدا دەتوانرێ بگوترێ کە رەچەکەلەکناسی فۆکۆ پیشانی دەدات کەبەچ شێوەیەك لەرێی بەرقەرارکردنی (رژێمەکانی حەقیقەت ) مرۆڤەکان بەسەر خۆیان وکەسانی تردا حکومدەکەن .ئەوشتە کەفۆکۆ بەتانەئامێز و گالتەی دەزانێت، ئەوەیە کەئەگەر فەزاکانی دروستبوونی زانست بێدروست دەسەلاٚت لەبەرچاو بگرین ، رەنگەئەو باوەرەمان لا دروستبێت، کەئازادی ئێمە لەحالەتێکی هاوسەنگدا جێگیرە .لێرەدایە کەکێشەی راستەقینەی فۆکۆ دەگەرێتەوە بۆ ئەوپەیوەندییەی کە لەنێوان سۆژێت و (ئیرادەی پەیوەست بەحەقیقەت )بوونی هەیە .

لەکۆتاییەکانی دەیەی 1970دا ، دیسان فۆکۆ ناسینی خۆی لەمەرپەیوەندییەکانی دەسەلاٚت پێناسە دەکات .ئەوهەست بەجیاوازی نێوان دوو جۆر دەسەلاٚتدەکات :

1–دەسەلاٚت وەك کایە ستراتیژیەکانی نێو ئازادیەکان دەرك دەکرێت ؛

2–دووەم پێگەکان و هەلومەرجی بالاٚدەستی کەخەلٚك بەشێوەیەکی ئاسایی ناویدەنێن (دەسەلاٚت ).لەکایە ستراتیژیەکانی نێو ئازادیەکان ،هەندێك هەولئەدەن، دەست بەسەر رەفتاری کەسانی تردا بگرن ،و ئەوانیش تێئەکۆشن روخسەت نەدەن کەبچنە ژێر کۆنترۆلی کەسانی ترەوە .لەنێوان ئەم دوانەدا ،واتا لە نێوان کایەکانی دەسەلاٚت و پێگەکانی بالاٚدەستییە کە دەتوانرێت تەکنەلۆژیاکانی حکومەت لەگشتێتی خۆتدا دەرکبکرێت . بۆ رونکردنەوەی ئەم مەبەستە، فۆکۆ لەچەمکی (حکومەتکردن بەسەرخۆتدا ) یاخود (خۆجێیی ) governmentality سود دەبات .ئەم چەمکە لەدیدی فۆکۆوە

،پەیوەندییەکە کەتاك لەگەڵ خۆشەویستنی خۆیدا بەرقەراریدەکات .هەر ئەم پەیوەندیەیە کەئازادییە ستراتیژەکانی کەسەکان لەبەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دادەپۆشێت . فۆکۆ پێیوایە کەچەمکی (خۆجێیی) بوونی دەرکەوتنی ئـازادی سۆژێت وپەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا ،کە دروستکەری بەرژەوەندییە سەرەکیەکانی ئەخلاقە ،فەراهەمدەکات، بەخستنەڕوی لەم جۆرە گریمانەیەیە، کە فۆکۆ دەگاتە ئەوئەنجامەی کە تێفکران کاری ئازادییە .

لەساڵی 1979دا فۆکۆ ئەوپرسەی کەلەساڵی 1874داخرابوویە ڕوو و کانت وەڵامی دابوویەوە دەیگۆڕێت و بەجۆرێکیتر پێشکەشی دەکات. پرسیارەکەی ئەمەبوو کە (ڕۆشنگەری چییە ؟) فۆکۆ ئەم پرسیارە دەخاتەرووکە (مۆدێرنە چییە؟) .ئێمەلەزەمەنی ئێستادا کێین، یاخود چین؟ئەم ساتە شکێنەرەی مۆدێرنە کامەیە، کەناتوانین ناسنامەی خۆمانی لێجوداکەین و ئەم ناسنامە لەگەڵیدا هەنگاودەنێت ؟ لای فۆکۆ بۆبەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی ڕاست ودروست لەگەڵ زەمەنی حـاڵ ،شتەکان کەسانی ترو خـۆدا ،تـاك دەبـێ لەتەنیشت ڕوداوەکاندا ژیان بەسەرببات ،ئەزمونیان بکات و خوازیاری ئەوەبێت کەکاریگەرییان لەسەری هەبێت و کاریگەری لەسەریان هەبێت . فۆکۆ ئاماژە بەم خاڵەدەکات کەخواستی ناسنامە و بەرگرتن لەبەدەستهێنانی ،هەردووکیان سنور بەزێنانەیە .سنوربەزێنانەیە، چونکە پێشتر ئەم گریمانەیەی هەیە کەتاك چییە، یان کێیە ،دەبـێ چی بکات ،لەچ شتانێك دەبێ نزیك ولەچ شتانێك دەبێ دووركەوێتەوە و دەبێ چ لایەك هەڵبژێرێت .مرۆڤ نابێت هەمیشە هەرئەوەبێت .بەرای فۆکۆ هەمیشە هەرئەوە نەبوون ،گرنگترین بەشی شوناسی تاکە، بەڵام ئەم ناسنامە تاکییە هەرگیز ڕەتی چاوبەستوانەی خۆی نەبووە و نییە .ئەگەرمرۆڤ پێشتر بزانێت کە هەمووشتێك ،بۆنموونە خۆی و ڕوداوەکان باشە، یان خراپ ،ئیتر شتێك بۆفێربوون نامێنێت ؛ ئەوکات کاری مرۆڤ مانای خۆی لەدەستدەدات ، و مرۆڤ نازانێت بۆچی دەبێ بیربکاتەوە . ژیان بێ ڕودانی هەڵە ،دەرك ناکرێ و بەهای نییە . ژیان بەم شێوەیە زیندوونییە .ڕەنگە بەم هۆیەوە بێت، کە فۆکۆ ،وەك ڕۆشنبیرێکی پابەند ،لەسارتەر مەودا دەگرێت . فۆکۆ ئەزموونکردن لەمشتومرو بەڵێن وپەیمان بەباشتر دەزانێت. ئەزموونکردنکاری بەرقەرارکردنی پەیوەندی وهەماهەنگبوون لەگەڵ خـۆدا، ئێجگار دژوارتـر لەمشتومڕ و بەڵێن وپەیمان دەکات

،چونکە شوناسەکان لەسەرپرەنسیبی وەرچەرخان و گۆڕانکاری پێناسە و دیاریکراون نەوەك لەسەربنەمای جێگیربوون لەپێگەیەکی روون وئاشکرادا .بەدواداچونی ئەم جۆرە داگەرانە کارێکی دژوارە ،چونکە تاك دەبێ ترسی هەلە و زیان لەهەمبەرکەسانێکدا قەبولبکات، کەجێپێیەکی بەهێزیان (بەتایبەت پاش روداوەکە ) بۆخۆیان دەست وپێ کردوە .دەبێ رشکی ئەم جۆرە داگەرانە لەرەفتاری ئەخلاقیدا بەدەستبهێنرێت، نەوەك لەبنەمائەخلاقیەکاندا ؛ دەبێ لەکاردا بدۆزرێتەوە نەوەك لەجێگایەکی باشتردا جێگیربوون ؛ وسەرەنجام دەبێ لەئەزموونی ئەکتیڤدا ئەم جۆرە داگەرانە بەدەستبهێنرێت نەوەك لەچاوەروانییەکی کارتێکراودا.

کێشەی سەرەکی ئەمەنییە، کەباوەرێك لەجێی باوەرێکی تردانێین .بەلکو کێشەی سەرەکی پەروەردەکردنی سەرنجێکە بۆهەل ومەرجێك، کە لەژێر سێبەریدا روداوەکان روودەدەن ؛ ئەو روداوانەی کەپاش رودانیان لەزەینی ئێمەدا نەگۆر،زەرور و جێگیر دەردەکەوێت. فۆکۆ بۆپشتگیری لەو دیدگایەی خۆی سود لەوتەی مارلۆپۆنتی لەمەرئەرکی فەلسەفە وەردەگرێت: (ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە، کەهەرگیز لەگەل ئەوشتەی حاشاهەلنەگر و بەلگەدار بەرچاو دەکەوێت سازگارنەبێت.) بەدەربرینێکی تر، فەلسەفە هەمیشە بەگومانە .ئەگەر وردبینبین،پەی بەم خالەدەبەین، ئەوشتەی کەلەدەوروبەری ئێمەدا بەروالەت تازە و نوێ بەرچاودەکەوێت ،لەپشتی زەینی ئێمە و لەرۆخی شتانێکدا بوونی هەبووە، کەرەنگە هەرگیز نەمان دیوە ولەبارەیەوە قسەمان نەکردوە. بەم پێیە، ئەگەر فەلسەفە ئامرازێك بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەل حەقیقەتدا نەبێت، کەواتە دەتوانێت چی بێت ؟ ئەوپرسیارەی لای فۆکۆ لەئارادایە ئەمەیە، کە ئێمە ،لەبەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەل حەقیقەتدا ،دەبێ بەچ شێوەیەك کاربکەین ؟ لەم سیستەمەدا بیرمەندان وەك شوێنکەوتوانی ( رەسەنایەتی ناو) دەبینرێن کە سەرقالی بەراوردی دووبارەی زانست ،هەلومەرجی زانست وناسینی بابەتن . لەسەر ئەم بنەمایە ،فۆکۆ رەخنە لە شێوازێکی بالادەست لەرەخنەگرتن دەگرێت کە لەسەر مەحکومکردن ،گوناهکار و تاوانبار هەژمارکردن بونیادنراوە .ئەم جۆرە شێوازە هەولئەدات لەئاکامدا ( رەخنە) بێدەنگ ونابود بکات . فۆکۆ خەونی رەخنەگرێکی لەسەردایە کە (وێرانکەری باوەر و بەگشتی کردنە ؛ کەسێك کەلەبێتوانایی وسنورپەندییەکانی زەمەنی ئێستادا خالی لاواز ،هێلەکانی دەسەلات ، و فەزا خالیەکان دەناسێت و دەستنیشانیان

دەکات ؛ کەسێك کە بەردەوام خۆی دەگۆڕێت ؛ نازانێت بەراستی بەکوێ دەگات ،نەوەك سبەینێ چۆن بیردەکاتەوە ؛ چونکە چاودێری کاتی ئێستایە، 14 فۆکۆ خەونی ڕەخنەگرێك دەبینێت کەلەجێی دادوەری ،بەرهەمێکی هونەری زیادبکات : ڕستەیەك، یاخود بیرۆکەیەك بۆژیان ؛ فۆکۆ خەونی ڕەخنەگرێك دەبینێت کەهەڵگیرسێنەری ئاگربێت ،گەشەکردنی گژوگیاکان ببینێت ،گوێ بۆهەڵکردنی ڕەشەبا بگرێت و کەفەکانی کەناری دەریا بەدەستبگرێت وخۆی لە شنەبایەکی نەرم تەژی بکات ؛ فۆکۆ خەونی ڕەخنەگرێك دەبینێت، کەلەجێی دادوەری کردن نیشانەکانی وجود پیشانبدات ،لەخەو بێداریان کاتەوە و بانگهێشتیان بکات، بێگومان زۆرێـك لەخوێنەری بەرهەمەکانی فۆکۆ، کە ئەویان لەچەندین چوارچێوەی وەك (نەهیلیزم) و(بونیادشکێن) داناوە ،ناتوانن پێشبینی ئەوەبکەن کەئەم قسانە بەزمانی فۆکۆ دا هاتووە . فۆکۆ لەوەڵامی دیمانەیەکدا کەلێی دەپرسن :ئایا زەمەنی ئێستا زەمەنی بێکەڵك و چاوەڕێ بێبەهاکان نییە ؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ڕەتدەداتەوە و زەمەنی ئێستا بەزەمەنێکی لەبارو پڕبەها پێناسە دەکات .هێشتا شتانێکی زۆر بۆ زانینبوونی هەیە، کە هاوکات بنەماکانی ،ترسێنەر، سرنجراکێش ،پێکەنیناوی ،بێنرخ وپڕکێشەیە ..سەرباری ئەمەش ،پەیجۆری زیاد لەپێویست بوونی هەیە کەسیمای شەوق و ئاتاجی زانین دەدرەوشێنێتەوە .ئەگەرچی ئەمڕۆ پەیجۆری بەپوچ وبێهودە بەرچاو دەکەوێت ،بەڵام جۆرێك دلەڕاوکێ و نیگەرانیشی لەمەڕئەو شتەی هەیە و ئەو شتەی ڕەنگە بێتەبوون لەگەڵدایە .ئەم پەیجۆرییە جۆرێك هەستی واقیعی لەگەڵدایە، کە هەرگیز ڕاناوەستێت ؛ جۆرێك ئامادەیی بۆدەرك و تێگەیشتنی شتانێك کەدەوروبەری ئێمەیان تەنیوە ؛ جۆرێك بریار بۆ پەراوێزخستنی ڕێگا ئاشنا و کلاسیکیەکانی بیرکردنەوە ؛ جۆرێك جیاوازی لەدیدی هەمان شت ڕوداوەکـان ؛ جۆرێك تامەزرۆیی بۆ وەستاندنی ئەوشتەی لەحاڵەتی ڕوودان و ئەوشتەی لە حاڵەتی ونبوون دایە ؛ وجۆرێك پشتگوێخستنی زنجیرەیەك بەشی کلاسیکی شتەگرنگ و بونیادیەکانە . فۆکۆ خەونی سەردەمێکی نوێی لێکۆڵینەوە دەبینێت ولەو باوەڕەدایە کەئامرازی تەکنیکی ،تامەزرۆی زانین ، و چەندین خاڵی بێ شومار بۆ ناسین بوونی هەیە .سەرباری ئەمەش خەڵکانێك هەن کەتوانای ئەنجامدانی ئەم کارانەیان نییە ،15 پەیجۆری :کارێکی ئێجگار بچوك وسادەیە، کەواتە بەسادەیی ناتوانرێ فۆکۆ لەچەندین چوارچێوەی

وەك (نهیلیزم ) و (بونیاد شكێن ) دا جێگیر بكرێت .ئەندێشەی فۆكۆ ئەندێشەیەكی سازگارەو هەرگیز بەو شتەی، كە بەدەستیهێناوە رازی نابێت . فۆكۆ بیریارێكە لەگەڵ ئەوەی لە (حەقیقەت ) نزیكتر دەبێتەوە، كەچی بەردەوام لێیهەڵدێت و بەسەر خۆیدا هاوار دەكات، كە دەبێت بەردەوامی بەم رێگایە بدەین .

لەساڵی 1979 دا ،فۆكۆ لەخوێنەری نوسینەكانی دەخوازێت، كە لەخۆیان بپرسن (لە كوێداین ؟)لەنێو بەجیهانی بوونی ئابوریدا ؟ بێگومان وایە ، هەروەها لەنێو بەجیهانی بوونی جوگرافیای سیاسیدا، بەڵام راستەوخۆ ئەم پرسیارە دەخاتە روو، كە ئایا ئەندێشەش لەنێو بە جیهانی بوون دایە؟ وابەرچاو دەكەوێت كە وەڵامی ئەو بۆ ئەم پرسیارە تێگەیشتن بێت .ئەو نیشانەیەك لە بەدیهێنانی ئاگاییەكی فەلسەفی، یاخود سیاسی جیهانگیر نابینێت.پرسیارێك، كەبۆ ئەو دەخرێتە روو ئەمەیە، كە بەچ شێوەیەك دەتوانرێت خۆمان لەم جۆرە گوتەزایە رزگار بكەین؟

توێژینەوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی فۆكۆ، لە كۆتاییەكانی دەیەی 1970و سەرەتاكانی دەیەی1980دا.لە دەرەوەی فەرەنسا شێوەی گرت .پاش گەشتەكەی بۆ ئێران و دیتنی پرۆسەی كودتای ئێران،چەندین پرسیاری نوێ لە زەینی فۆكۆدا بەدیهات .ئەو بینەری پرۆسەی كودتایەك بوو، كە دەرك كردنی بۆ چەپەكانی ئەوروپا، ئێجگار دژوار بوو.ئەو كودتایەكی دەدی،كـەلای ئەو ،هێز و ووزەی خۆی لە ((جم و جوڵی چینایەتی))، لە ((لێكترانە كۆمەڵایەتییەكان))، لە((حیزبی پێشرەو) و لە ئایدۆلۆژیایەكی سیاسی نەگرتبوو . ئەو شتەی كە ئەوی شەیدای كودتای ئێران كردبوو، رۆڵێك بوو كە ئاین تێیدا گەمەی دەكرد.ئەو خوێنەرە ئەوروپاییەكانی خۆی ئاگادار كردەوە، كە لە درێژەی گوتە ناودارەكەی ماركسدا، كە ((ئاین ئەفیونی عامەی خەڵكە) قسە لەمەر ((گیانی جیهانی بێ گیان))دەكرێت. بەرووالەت ئەم جۆرە گیانەی لە ئێرادا دیوە، یان هەستی پێكردوە، یاخود وایزانیوە كە دیویەتی.ئەو ئاماژە بە رۆڵێك دەكات، كە رەنگە ئاین لە دروستكردنی تاك بۆ بەرقەراری پەیوەندییە جیاوازەكان لەگەڵ سیاسەتدا دەیگێرێت، فۆكۆ دەڵێت تا ئێستاش گەشتەكەی بۆ ئێران لە مەر چەمكی ((ئێرادەی گشتی)) تەنها خوێندویەتیەوە، بەڵام لە ئێراندا ئەم ((ئێرادەی گشتیی)

ە لە کوچەو شەقامەکان و بۆ دژایەتیکردنی شاە دیویەتی و هەستی پێکردوە . ڕەنگە ئەو شتەی کە زیاتر لە هەموو شتێك فۆکۆی شەیدای کودتای ئـێران کردبوو،هیچ نەبوو جگە لە خواستی خەڵکانێك بۆ سۆبجێکتێکی نوێ. سەرەڕای ئەمەش ، فۆکۆ گەشتە ئەو قەناعەتەی کە ڕەنگە ئێمە دەبێ خۆمان بگۆڕین،بگرە دەبێ شێوازی وجود،شێوازی بەرقەراری پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و شتەکان و تەنانەت لەگەڵ خوادا بگۆڕین.

بێویژدانی نییە، گەر بڵێین فۆکۆ کۆتاییەکانی دەیەی 1970 و سەرەتاکانی 1980ی تەرخانکرد بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ژیانی کەسیی خۆی،لەدوو ڕێگای هاوتەریبی ((خۆت بناسە) و (چاودێری خۆت بکە).لەم زەمینەیەدا ،ئەو پرسیاری مێژویی و کۆمەڵگەناسی و ئەخلاقی ماکس ڤیبەر بە جۆرێکی تر دەخاتە ڕوو.پرسیاری ماکس ڤیبەر ئەمە بوو کە: ئەگەر کەسێك بیەوێت ڕەفتارێکی عەقڵانی هەبێت و کارەکانی خۆی لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست، هەماهەنگ بکات،دەبێ نکوڵی و چاوپۆشی لە کام بەشی خۆی بکات ؟ بە واتایەکی تر،دەبێ چ بەهایەك بۆ عەقڵ دابنرێ ؟ فۆکۆ کت و مت بە پێچەوانی ماکس ڤیبەرەوە پرسیارەکەی خۆی دەخاتە ڕوو:بە چ شێوەیەك هەندێك لە بەربەستەکان دەگـۆڕدرێـن بۆ بەهایەك، کە دەبێ بۆ بەدەست خستنی هەندێکی زانستەکان سەرقاڵیبین بەخۆوە؟ تاك دەبێ چ شتێك لە مەڕ خۆی بزانێت، تا خوازیاری ئەم جۆرە نکوڵی و چاو پۆشیەبێت ؟ ئەم پرسیارە هەمان ئەو پرسیارەیە کە فۆکۆ لە بەرگەکانی دوو سێی ((مێژوی ڕگەزیەت))پێیەوە سەرقالبووە . یەکێك لەپرسیارە سەرەکیەکانی فۆکۆ ئەمەیە :(جێی زوهدگەرایی ولەخواترسی لەژیانی فەلسەفە دا لەکوێدایە ؟) فۆکۆ زوهدگەرایی بەنکوڵی و چاوپۆشی خۆی نازانێت، بەڵکو بەجۆرێك کاری هەژمار دەکات .بەم شێوەیە پرسیار ئەمەنییە کەدەبێ چ بەهایەك بەعەقڵ ببەخشرێت ،بەڵکو پرسیار ئەمەیە، کەعەقڵ بەچ شێوەیەك کاردەکات ؟

یەکێك لەو بابەتانەی کەفۆکۆ لەسەرەتاکانی 1980دا پێیەوە سەرقاڵ بوو،بابەتی (بەڕێوەبردنی خۆ ) یاخود(چاودێری لەخۆ ) یە .بەڕای فۆکۆ ،مۆدێرنە بوەتە فاکتەر، تا یەکێك لەدوو ڕووی دراوی (خۆت بناسە ) و (چاودێری لەخۆت بکە ) بەسەرئەویتردا زاڵ بێت و کەم تا زۆر لە ناوی ببات .لەسەردەمی دیکارت تاسەردەمی هۆسرەل، ڕویەکی ئەم

دراوە واتا (خۆت بناسە ) بەسەر رووەکەی تر واتا (چاودێری لەخۆت بکە ) سێبەری قورسی کێشابوو. لای فۆکۆ بەرامبەر زانینی زوهدگەرایی، لەگەڵ ئینکارکردنی هەست ،یەکێتی وچاودێری لەخۆ ،یەکێك لەگەورەترین هەڵەکانی رۆژئاوای مۆدێرنە .ئەم هەڵەیە بەهایەکە کەرۆژئاوا بۆ زانستی داناوە .بەم هۆیەوە فۆکۆ لەدوایەمین ساڵەکانی ژیانی خۆیدا ،واتا لەسەرەتاکانی دەیەی 1980دا ،بەهەڵسەنگاندنی فەرامۆشکراوی دراو ، واتا (بەڕێوەبردنی خۆ ) یان (چاودێری خۆت بکە )سەرقاڵ دەبێت . فۆکۆ لەیەکێك لەدیمانەکانی خۆیدا کەبەناونیشانی (بەڕێوەبردنی خۆ، وەك کاری ئازادی ) بڵاوکراوەتەوە ،سیستەمێکی نائاشنا لەکارە فەلسەفی وئەخلاقیەکانی خۆی دەخاتەروو. ئەولەم دیمانەیەدا هەم دیسان جەختدەکاتەوە کەپرۆژەی توێژینەوەی ئەوهەمیشە ئەمە بووە، کەسیمایەکی نوێ بەپەیوەندی نێوان سۆژێت وراستی بدات .16 فۆکۆ لەگەڵ قایل بوون بەجودایی نێوان ئازادی و رەهایی ،وپەیوەندی ئەم دوانە لەگەڵ بالادەستیدا،چەند گریمانەیەك پێشکەشدەکات و ئازادی و ئەخلاق بەیەکەوە دەبەستێتەوە . یەکێك لەگریمانەکانی فۆکۆ ئەمەیە، کە کار یاخود ئەزمونی ئازادی دەبێ ئەخلاقی بێت . بەرای ئەو ئەخلاق شتێك نییە جگە لەئەزموونی ئازادی ، ئەویش ئەزموونی ئاگایانەی ئازادی . بەدەربرینێکی تر،ئەوئازادی بەواقیعیەتێك هەژمار دەکات، کەلەدەرونی خۆیدا ئەخلاقییە، بەلام ئەخلاق سیمایەکە کەئازادی بەخۆیەوە دەگرێت .لەم رووەوە هەلومەرجی رەهایی خاڵی دەسپێکی هەستناسییە،17 ئەو پاش گەرانەوە بۆ مێژووی یۆنان و رۆمی کۆن ،دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەئەخلاق کاتێك ئاسانە کەتاك چاودێری و ئیدارەی خۆی بکات . لەیۆنانی کۆندا ،چاودێری لەخۆ شێوازێك بوو، کەئازادی تاك وەك کارێکی ئەخلاقی خۆی پیشاندەدات. لەسەردەمی مۆدێرنەدا،چاودێری لەخۆ ،بەوێنای جۆرێك خۆپەرستی وعەشق بەخود، رەتدەکرایەوە . فۆکۆ ریشکی ئەم گۆرانکارییەی لەم سیستەمەدا دەبینێ .هەرچەند لەم سیستەمەدا ئازادی رێگایەکە بۆچاودێریکردنی خود،بەلام ئازادی کاتێك بەدەستدێت، کەتاك چاوپۆشی لەخۆی و نکوڵی لەنەفسی خۆی بکات .

ئازادی لەیۆنانی کۆندا ،کەگرینگیەکی زۆریشی هەبوو،لەکۆیلەنەبووندا (لەهەمبەرشارێك ،کەسانی تر ، ئەوکەسانەی حوکمەت بەسەردادەکەن و هەستەکانی تاك ) خۆی دەردەخست .بەم پێیە ،کۆیلەنەبوون لەهەمبەر کەسانی تر و لەهەمبەر خواستەتەکانی خۆدا ،پێویستی بەچاودێریکردنی

خود هەبوو، کەهەم بەکارێکی ئەخلاقی هەژماردەکرا و هەم ئازادی تاکی بەدواوەبووە .

چاودێری لەخۆ ،لەلایەکەوە زانست پێویستی بەخودە ولەلایەکی ترەوە ،پێویستی بەکۆمەڵێك یاسای رەفتاری، یان بنەمای قەبولکراوە کە هەم یاسایین و هەم رەوا.بەم پێیە ،چاودێری لەخۆ، واتا چەکداربوون بەم حەقیقەتانە . لێرەدایە کەکایەی حەقیقەت و ئەخلاق پێکەوە گرێدەخوات .لای فۆکۆ ئەخلاق تەنها تیۆرێك نییە، بەڵکو کارێکە ؛ شێوازێکە لەژیان، کە بەجۆری ئۆبجێکت خۆی دەردەخات .ئازادی واتا هەمان کۆیلەنەبوون ،لەکاتێکدا ئەخلاقیشە ولەبوونی خۆیدا مەسەلەیەکی سیاسییە .سیاسی بوونی بەم هۆیەوەیە، کەکۆیلەی کەس نەبوون ئیلزامییە . فۆکۆ لەوباوەرەدایە کۆیلەیەك ،نەتەنها ئازادنییە،بەڵکو لەئەخلاقیش بێبەهرەیە .رەنگە بتوانرێ لەدەرونی ئەم رەوشەدا ریشکەکانی گەندەڵی (بەهەرجۆرێك بێت ) لەهەندێکی کۆمەڵگاکاندا دەستکەوێت . مەگەر گەندەڵی ریشکی لەنەبوونی ئەخلاقدانییە ؟ مەگەرنەبوونی ئەخلاق هەمان نەبوونی ئازادی نییە ؟کەواتە نەبوونی ئازادی گەندەڵی ئەهێنێت .

ئەم جۆرە ئازادییە نەتەنها بەخودی خۆی سیاسیە ،بەڵکو لەوجێیەی کەئازادبوون مانای کۆیلەی خۆ نەبوونیش دەگەیەنێت ،پەیوەندی مرۆڤیش لەگەڵ خۆیشیدا پەیوەندییەکە کەلەنێویدا دەسەلات و بالادەستی ئامادەیە . ئەمە بەو مانایەیە کەمرۆڤ دەبێ بەردەوام بەجۆرێك دەسەلات بەسەرخۆیدا بسەپێنێت، کەنەبێتە کۆیلەی خۆی ؛ ئەگینا ئیتر ناتوانێت ئازادبێت .بەمپێیە ،پەیوەندییەکانی دەسەلات تەنها لە ئاستی کۆمەڵگا نابینرێت، بەڵکو پەیوەندیەکە کەتاك لەگەڵ خۆشیدا هەیەتی.هەیەتی .

لەسەرئەم بنەمایە لەوجێیەی کەچاودێری لەخۆ، جۆرێك چاودێری کردنیشە لەکەسانی تر ،هەمیشە لەخۆیدا ئەخلاقییە . چاودێری لەخۆ ئەم توانایە بەتاك دەبەخشێت، کەدەرفەتێکی شیاو بۆپەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بەدەستبهێنێت .بەم هۆیەوەیە کە فۆکۆ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەمەسەلەی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا ،خۆی لەسیمای (بەرزکردنەوەی چاودێریکردن لەخۆ ) پیشاندەدات و ئامانجی بەرێوەبردنی خود، هەمیشە شادی وتەندروستی کەسانی ترە .ئامانجی بەرێوەبردنی خود، بەرێوەبەرێتی فەزاکانی دەسەلاتێکە، کە لەنێو گشت پەیوەندیەکاندا بوونی هەیە، 18 گەرچی کۆیلایەتی

بەمەترسیەکی گەورە هەژمار کراوە، کەیۆنانیەکان بۆ هێشتنەوەی ئـازادی خۆیان ،لەبەرامبەریدا ڕاوەسـتـاون ،بـەلام مەترسیەکی تر بوونی هەیە، کەخاڵی بەرامبەری ئەم مەترسیەیە، و ئەویش خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتە . خراپ بەکارهێنانی دەسەلات واتا سەپاندنی نارەوای خواست و ئارەزووەکانی تاك بەسەرکەسانی تردا . لێرەدا ئێمە ڕووبەرووی خۆپەرستێکین کەدەسەلاتی خۆی بۆ خراپ سودوەرگرتن لەکەسانی تر بەکاردەبات . فەیلەسوفەکانی یۆنان لەوباوەڕەدا بوون، کە ئەم جۆرە کەسە کۆیلەی خواستەکانی خۆیەتی و لەم ڕووەوە ناتوانێت ئازادبێت . بەڕای ئەوان ، فەرمانڕەوای باش، کەسێکە کەدەسەلاتی خۆی بەهەمان شێوە بەکاربێنێت، کەدەبێ بەکاری ببات ؛ واتا دەبوو هاوکات ئەم دەسەلاتە بەسەرخۆیشیدا بسەپێنێت . هەرئەم سەپاندنی دەسەلاتە بەسەرخۆدایە، کەدەبێتە ڕێکخستنی سەپاندنی دەسەلات بەسەرکەسانی تردا، 19 ڕەنگە بەم هۆیەوە بێت، کەسوکرات هەمیشە پرسیاری لەخەلکی کوچە و بازار دەکرد :(ئایا ئاگاداری خۆت ئەکەیت؟)

لای فۆکۆ گرنگترین کاری فەلسەفە، هۆشیاریدانە لەمەرمەترسیەکانی دەســەلات. فەلسەفە شتێکە کـەدەسـەلات لەگشت زەمینەکانیدا (سیاسی، ئابوری، ڕەگـەزی، دامـەزراوەیـی و....)بـەر ڕخنەئەدات. تارادەیەك دەتوانرێ بگوترێ، کەکاری ڕەخنەیی فەلسەفە لەم حوکمەی سوکراتەوە (ئاگاداری خۆتبکە) سەرچاوەی گرتوو . بەدەربرینێکی تر، دەبێ (لەڕێی بالادەستی بەسەرخۆدا، بناغەی ئازادی دابمەزرێنێت).20 هەروەها نابێ وا تەسەور بکرێت کەچاودێری کردنی زیاد لەپێویستی خۆ ڕەنگە سەپاندنی دەســەلات و بالادەستی بەسەر کەسانی تری لێبکەوێتەوە ،چونکە مەترسی بالادەستی بەسەرکەسانی تر و سەپاندنی دەسەلاتی دیکتاتۆرانە، کت ومت کاتێك دروستدەبێت، کە تاك نەتوانێت چاودێری خۆی بکات و کۆیلەی خواستەکانی خۆی بێت، دەبینین کەلەنێو ئەم نمونەی فۆکۆدا،حوکمکردن بەسەرخۆدا وحوکمکردن بەسەر کەسانی تردا، پەیوەندییەکی دوولایەنەی هەیە و بێ ئەم حوکمە ئەخلاقیاتێك لەئارادا نامێنێت . فۆکۆ ئەرکێکی ئەخلاقی بۆ ڕۆشنبیر لەبەرچاو دەگرێت . ئەخلاقی ڕۆشنبیری،لای فۆکۆ ، توانایيەکی ئەمرییە (جیابوونەوە لە خۆ) یان(دڵ نەبەستن بە خۆ)Self-detachment کە کت و مت پێچەوانەی داگـەڕان بۆ گۆڕانەوەی ئاینە . 21ئەرکی ئەخلاقی ڕۆشنبیر گۆڕینی ئاینی خود و ئاینی کەسانی تر نییە، بەلکو

چاکسازی شێوازی بیرکردنەوەی کەسانی تر و خودە، بۆ بەدەستهێنانی حەیقەتێك، کە ڕەنگە هەرگیز لە بەردەستدا نەبێت. ئەم گۆڕانکارییەی نێو ئەندێشەی خود و کەسانی تر فاکتەری بوونی ڕۆشنبیرە. 22ئەگەر زەمەنێك پێتوابوو حەقیقەتت بەدەست هێناوە، ئەوکات زەمەنی مەرگی بیرکردنەوەیە و ئیتر بەڵگەیەك بۆ بیرکردنەوە نییە. ئەوە کاتێکە کە دۆگماخوازبویت و بێگومان دەخوازیت بەسەر کەسانی تریشدا بیسەپێنیت. حەقیقەتخوازی پرۆسەیەکی هەمیشەییە و بە گۆڕان لە تۆدا حەقیقەتیش دەگۆڕێت . بەم هۆیەوەیە کە فۆکۆ، بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرە حیزبی و ئایدۆلۆژیەکانەوە ، ڕۆڵێکی جیاواز بۆ ڕۆشنفکران لەبەرچاودەگرێت .(ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەمەیە، کەبەکەسانی تر بڵێن دەبێ چ کارێك ئەنجامبدەن .) چ کەسێك، یاخود چ شتێك ئەم جۆرە مافەی پێدەبەخشێت ؟ ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەنییە کەخواستە سیاسیەکانی کەسانی تر بەرنامەڕێژی بکات .ئەم بەرنامە ڕێژییە، دەبێ لەلایەن خودی جەماوەرەوە ئەنجامبدرێت. کاتێك ئەوان بریاربدەن قسە بۆ خۆیان بکەن (لەبری ئەوەی (ڕۆشنبیران ) وتەبێژی ئەوان بن )، ئەوکات دەستیان لەتیۆرەکانی ئازادی ، یاسای سزاکان ،یەکسانی ،عەدالەت و....لای خۆیان (نەوەك تیۆرەکانی پەیوەست بە(ڕۆشنبیران ) گیردەبێت . هاوشێوەی ئەم دەستە چەمکانە ، هەمان چەمکی جەماوەرە، کەدژی بونیادی دەسەڵاتە .لەڕاستیدا ئەم جۆرە چەمکە ، دژی ئەوچەمکەیە کە لەلایەن جەماوەر و کەسانێك خراونەتە ڕوو، کەبێ ئاگایانە ناوزەدکراون . بەم پێیە ،ئەم تیۆرانە تیۆرەکانی خودی جەماوەرە ،نەوەك (ئەو تیۆرە جەماوەریانەی ) کەڕۆشنبیران بەرهەمیان هێناوە . فۆکۆ ،لەپشت وەرس وقەڵسی جەماوەر لەهەرجۆرە ئەمرکردنێك ، دووخاڵی گرنگ لێك جودادەکات : یەکەم ، بۆچونێکی تر لەمەر ئازادی و یەکسانی و عەدالەت لەئارادایە بگرە باشتر و عادیلانە ترە : دووەم ، و گرنگتر ، جێگایەك بوونی هەیە کەلەنێویدا ئەمرکردن بەناو و بەهای خەڵك کاردەکات . هەرجۆرە خەباتێك کەجەماوەر تیایدا بەشداریدەکات، خەباتێکە دژی یەکێك لەجۆرەکانی دەسەڵات .

ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەنییە، کەشتێك بەگشتی بکات کەتەنها دەتوانێت لەئاستی زەبری یاسادا گشتێتی پەیدابکات . ئەوشتەی ڕۆشنبیر دەبێ ئەنجامیبدات ، دامەزراندنی شتێکە، کە فۆکۆ ناوی

(پەیوەندە ئاسۆییەکان ) Horizontal ties لێناوە : واتا دامەزراندنی سیستەمێکی تەواو عەیار لە تۆڕ و بنکە جەماوەرییەکان ؛ کەئەلبەت کارێکی ئێجگار دژوارە . هاوشێوەی ئەم کارە ئاتاجی بە (ئازادی رادەربرینە ) و چەندین رێ و شوێن بوونی هەیە، کەدەرفەت نادات جەماوەر نهێنی دڵی خۆیان بدرکێنن: ئەو رێ و شوێنانەی، کە زۆر گرنگە : هەم هەستپێکراوە ،هەم هەستپێنەکراو ؛ هەم ئاشکرایە ،هەم نادیارەو گشت جێیەکی گرتوەتەوە. تیۆرەکانی بەردەستیش (لەئەمپەری چەپەکانەوە، تا ئەوپەری راستەکان ) باسێکی رون وئاشکرای ناوەندەکانی کاری ئەمرکردن بەدەستەوەنادەن. یەکێك لەو ئەرکەگرنگانەی لەئەستۆی رۆشنبیری ئەمرۆدایە ئەوەیە، کە ئەم نەناسراو و نادیارە بدۆزێتەوە وبیانناسێنێت : چ کەسێك ئەمر کردن بەکار دەبات ؟ لەکوێ عەمەلی دەبێت ؟ تاکاتێك ئەم نەناسراوە نەناسین، تێناگەین کەبۆچی خەڵك (ئازادی رادەربرین ) یان نییە و ناتوانن قسەی خۆیان بەسەرزماندا بهێنن . سەرباری ئەمەش ،پەیبردن بەم خاڵە بۆ رۆشنبیر زۆر پێویستە، کەدەسەلات تاکوێ و لەچ رێگایەکەوە بەکاردەبرێت .ئێمە بەروونی نازانین چ کەسێك دەسەلاتی هەیە ،بەلام بەروونی دەزانین، کەچ کەسانێك دەسەلاتیان نییە .

هیچ شتێك ناسازگارتر لەوە نییە کە رژێمێکی سیاسی لەمەرحەقیقەت کەمتەرخەم بێت، بەلام هیچ شتێك مەترسیدارتر لەوە نییە کەرژێمێکی سیاسی ئیدیعای رەوابوونی حەقیقەت بکات، هەروەها چۆن باوەربوون بەم خالەی کە مافمان نییە لەنێو قسەکردندا سەری بابەتەکە بگۆرین ، بێهودەیە ، کارپێکردنی (ئازادی رادەربرین ) یش نابێ سیمایەکی یاسایی بەخۆیەوەبگرێت . ئەرکی گوتنی (حەقیقەت ) ئەرکێکی بێسنور و هەمیشەییە . ئەرزش و بەها بەخشین بە (حەقیقەت ) ، لەگەل ئەوهەموو ئالۆزیانەی کەهەیەتی ، ئەرکێکە کەهیچ دەسەلاتێك ناتوانێت لەبەرچاوی نەگرێت، یاخود بەهایەکی کەمی پێببەخشێت ، مەگەربێدەنگی و دەستەمۆیی کۆیلایەتی بەسەردابسەپێنێت.

”مرۆڤ ئەو کاتە دەمرێ
کە بیر نەکاتەوە“



# چاوی دەسەڵات

**بەشێکە لە وتاری ( دەسەڵات/ئەپستمۆلۆژیا ) ( ١٩٧٤ )ی**

**میشێل فۆکۆ**

**لە ئینگلیزییەوە : کامیل قەرەداغی**

ئەوە کاتێك بوو کەمن تۆشداریی کلینیکیم دەخوێند،پلانی ئەوەم بەدەستەوەبوو، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر تەلارسازیی بینای خەستەخانەی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بکەم.لەوکاتەدا بزوتنەوەیەکی گەورەی ریفۆرمکردنی دامەزراوە تەندروستییەکانیش بەرێوەبوو، دەمویست ئەوە بدۆزمەوە، کە روانینە پزیشکییەکان، چۆن دامەزراون و چۆن بە کردەوە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا خراونەتەگەر، فۆرمی نوێی خەستەخانەکان لەوکاتەدا چۆن بوو، کاریگەریی و کۆمەکی بەسەر ئەو روانینەوە نوێیەوە چۆن بوو! لەپشکنینی زنجیرەیەك پرۆژەی تەلارسازیی جیاواز، کە پاش دووەمین ئاگرتێبەربوونی ساڵی(1772)ی ئوتێلی (دیێڤ)دا هاتن، تێبینیی ئەوەمکرد، کە چۆن هەموو گرفتێکی بینینی تەنەکان، تاکەکەسن و شتەکان بە یەك سیستمی بینینی ناوەندی(سەنتەربەندی) یەکێك بووە لە نەگۆرترین پرەنسیپەکانی ئاراستەگیریی ئەوان.

سەبارەت بە خەستەخانەکانیش ئەم گرفتە گشتییە قورستر دەبێتەوە: پێویست بوو خۆمان لە پێکەوەلکاندنی ناپێویستی بیناکان لابدەین، لەبەر بڵاوبوونەوەی پەتاو قەرەباڵەغی، لە هەمانکاتدا ئەو تێکەڵنەکردنە، هەواکێشی و سورانەوەی با مسۆگەر دەکات.فەزاکان دابەشدەکات وبە کراوەیی دەیهێڵێتەوە، هەروەها ئەگەری چاودێریکردی نەخۆشەکانیش دابیندەکات، کە دەکرێ گشتی، یان تایبەتی بێت، هەر لەوکاتەدا جیاکردنەوەکە وادەکات، کە تاکەتاکەی کەسەکان، بخەیتە ژێر چاودێرییەوە. لە سەردەمانێکدا من وامدەزانی کە هەموو ئەم گرفتانە، بەشێوەیەکی تایبەت بۆ تۆشداریی سەدەی هەژدە و بیروباوەرەپزیشکییەکانی ئەو سەردەمە دەگەرانەوە.

پاشتر کە لە گرفتەکانی سیستمی جەزاییم کۆڵییەوە، تێبینیی ئەوەمکرد، کە هەموو پرۆژە گەورەکانی، سەرلەنوێ راهێنانەوەی زیندانییەکان، مێژووەکەیان دەگەرێتەوە، تۆزێك پاشتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە.هەرهەمان ئەو بابەتانەشیان هەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا، تێدا ئاماژەکیان کردوە بۆ سەرچاوەکانی (بێنتهام*) بە ئەستەم دەقێك یان پێشنیارێکی سەبارەت بە زیندانییەکان تێدایە ، کە لەناو (ئامرازەکە)ی بێنتهام(پەنۆپتیکەن)ەوە وەرنەگیرابێت.

پرەنسیپەکە ئاوابوو: شورای بیناکە لەشێوەی ئەڵقەدایە، لەناوەراستی ئەمەدا بورجێك هەیە کڵاورۆژنەی پەنجەرەی گەورەی تێدایە، بەدیوی ناوەوەی ئەڵقەکەدا دەکرێنەوە، بینای دەرەوەش

بەسەر چەند خانەیەکدا دابەشبووە، کە هەموویان بەناوجەرگەی بیناکەدا دەپەڕنەوە،هەریەکە لە خانەکان، دوو پەنجەرەی هەیە، لەگەڵ دەرچەیەکی کراوە بەرەو ناوەوە، کە ڕووی لە پەنجەرەکانی بورجەکەی ناوەڕاستە، دەرچەیەکی تریشی هەیە بۆدەرەوەیە و بوار دەدات ڕوناکیی ڕۆژ بگاتە ناو تەواوی خانەکە.

ئەمجا هەموو ئەمانە پێویستیان بەوە هەیە، کە نیگابانێک لەناو بورجەکەدا دابنرێت و لەناو هەریەکەی خانەکانیشدا شێتێک، نەخۆشێک،زیندانیەک، یان قوتابیەکی قوتابخانە دابنرێت.

روناکییەکەی پشتەوە بواری ئــەوەدەدات، کەسێک لە بورجە ناوەندیەکەوە، تارماییەکی بچوکی زیندانییەکانی ناو ئەلقەی خانەکان ببینێت.

بەکورتی پرەنسیپی زیندانی تاکەکەسی پێچەوانەکراوەتەوە. روناکیی ڕۆژ و بینینی نیگابانەکە، چاکتر لە شەو بینینی زیندانییەکە، یان نەخۆشەکە مسۆگەردەکەن، ئەگەرچی لەژێر جۆرێک لە پاراستنی توندیشدایە.

ئێمە لێرەدا باس لە دووشت دەکەین: ڕوانین، و بەناوخۆییکردنی شتەکان.

ئەی ئایا ئەمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گرفتی تێچوونی خەرجیی دەسەڵات نییە؟ لەڕاستیدا دەسەڵات هەروەکو تێچوون و خەرجی ئەزموونکراوە، ئەوەی ڕوونە کە تێچوونی هەیە، تێچوونێکی ئابورییانە. بێنتهامیش باسی لەمەکردوە.ئایا پانۆپتیکۆنەکان چەند نیگابانیان پێویستە؟ئەی ماشێنەکان بۆ کەوتنەگەڕیان، چەند تێچوونیان پێویستە؟بێگومان تێچوونێکی سیاسییانەش هەیە. ئەگەر تۆ زۆر توندوتیژ بیت، دەکەویتە بەر مەترسیی هەڵگیرسانی شۆڕشیش لەدژت.

بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا، کە تۆ سیستمێکی نیگابانی(چاودێری)و سەرپەرشتیت هەیە.لە پێچەوانەکەیدا تێچوونێکی کەمی دەبێت، پێویستیت بە چەک نابێت، لەبەرئەوەی توندوتیژیی جەستەیی و کۆتوبەندی مادیت هەیە.تەنها ڕوانینێک، ڕوانینێکی پشکنینانە، ئەو ڕوانینەی کە هەریەکەی تاکەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و وادەزانن کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بەوردی و بەتایبەتی چاودێری دەکرێن، هەر تاکەکەسێک ئەمەی ئەزموون کردبێت، دەزانێت کە ئەو چاودێریکردنە لەدژی خۆی کۆتاییدێت.

چەند شێوازێکی نایابە:دەسەڵات بە بەردەوامی پیادەکراوە ، تەنانەت لە هەرشتێکیشدا، کە کەمترین تێچوونی هەبێت.

* بێنتهام(جێرمی بێنتهام) فەیلەسوف، ئابوریناس،یاساناسێکی بەریتانییە(1748–1832)پرەنسیپە سیاسییەکانی(ئوتیلایتاریانیزم– واتە بەرژەوەندی پەرستیی داهێناوە)

ئەم چەند دێرەی سەر بێنتهام لە سەرچاوەی ئینگلیزی ئینکارتا ریفرەنس لایبرەرییەوە وەرگیراوە.

**تێبینی/ ئەم وتارە لە ماڵپەری فۆکۆ لەسەر ئینتەرنێت وەرگیراوە، ئەمەش ناونیشانی وتارەکەیە بە ئینگلیزی**

Michel Foucault، The Eye of Power (1974)، Excerpt

Excerpt from Power/Knowledge

http//:Foucault. info

---

-1 Martin,L,Guthman,H.,and.Hutton (eds),Technologies of the self,London: Tavistock,1988,p.9،-2 ibid.,p.10،3-M.foucauilt.Beyound Structuralism and Hermenuties. Second Ed. With after word by and an interview with michel Foucault,University of Chicago,1983,p.211. [4] 4 Ibid.,p.212.[5] 5 Ibid.[6] 6 Ibid.,p.216[7] 7 Ibid[8] 8 Foucault,M.the Archaeology of Knowledge,London: Tavistock,1974,p.49.[9] 9 9- Foucault,M.The History of Sexuality,Volume 1:An Introduction,Tr. By Robert Hurley,New York: Vintage Books,January 1980,p.101. 10-Ibid.

[11] 11-Foucault,M."The Order of Discourse",Trnas. Ruper Swyer, appendix to The Archiology of Know Iedge(New York:

Pantheon, 1972)), P.229.

[12] Ibrid.p.21 -12

[13] M.Foucault.the history of sexuality, Volume 1: an introduction. Tr by report Hurley. New york: Vintage books. January 1980.p.100.

[14] M. Foucault. Foucault Live: collected interview, 1961-1984. Edited by sylvere Lotringer. Semiotext (e) . Colombia University, New york, 1996.p.482.

[15] Foucault. M. Masked philosopher"Michil Foucault: Ethies;subjectivity and truth. Edited by Poul Robinow. New York press. New York, 1997 p.321.

[16] . Foucault, M., Masked the Ethies of the concern for self as a Practice of freedom", Foucault Live: Collected interviews, 1961-1984.Op.sit., p.432.

[17] Ibid., p.435.

[18] Ibid., p.437.


[19] Ibid., p.438.


[20] Ibid., p.449.


[21] Ibid., "the concern for truth", p.461.


[22] Ibid

# پاشکۆکانی
# گۆڤاری ئایدیا والا



# ئێرانییەکان
# خەون بەچییەوە دەبینن؟

میشێل فۆکۆ
لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال محمود

"هەرگیز بەویستەکانی ئەوان ناجولێینەوە.زیاتر لەوەی (ڤێتنام) یان پێناکرێت". دەمویست ولامیان بدەمەوە بەوەی:ئەوان دەیانوویست، ئێوە ئاراستە بکەن کەمێك زیاتر لە ڤێتنام بەهۆی نەوت،بەهۆی ئەوەی رۆژهەلاتی ناوەراستە، بەلام ئەمرۆ زیاتر ئامادەن ئەو کارە بکەن. دوای کامپ دیڤید، دەشێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، رێگا بدات بە بالا دەستبوونی سوریا، بەسەر لوبناندا و بەو هۆیەشەوە رێگا بە کاریگەری یەکێتی شۆڤیەت دەدات؟ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان ئامادەیە لەناوچەیەکی ئاوەها گرنگدا، ئامادە نەبێت؟ بەپێی بارزدۆخەکە،ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان رێگایانپێدەدات لە رۆژهەلاتەوە دەستوەردەنە ناوچەکە ، یان چاودێری پرۆسەی ئاشتی بکات؟

لەدووەم"هەینی رەشـدا" ئایا ئەمریکا هانی شا دەدات بۆ تاقیکردنەوەی هێز؟ ژمارەیەکی تر لە دەرچووانی زانکۆ، مانگرتنە نوێیەکان، ئالۆزیەکان کە دووبارە دەستیان پێکردوەتەوە، ڤیستیڤالە ئاینیەکانی مانگی داهاتوو... دەتوانن ئەم هەلە دروستبکەن؟ پیاوە دەست ئاسنینەکە (موغادەم) ە سەرکردەی نوێی ساواك.

ئەمە جۆری پلانەکەیە، کە بۆ کاتی ئێستا نەگونجاوەو کەسیش حـەزی پێناکات. بارودۆخەکە بـەرەو نائارامی دەروات.هـەنـدێك لە جەنرالەکان دەتوانرێت پشتیان پێببەسترێت، بەلام دیارنییە سوپا وابێت. لەهەندێك سۆنگەوە، پلانەکە بێسودە ،چونکە "هەرەشەی کۆمۆنیزم" نە لە دەرەوە نە لەناوەوە بوونی نییە، لەبەرئەوەی رقلێبوون لە ئەمریکا، یەکسانە بەترس و نیگەرانی لە سۆڤیەت. ئایا راوێژکارەکانی شا ، پسپۆرە ئەمریکیەکان، تەکنۆکراتەکانی رژێم، یان گروپە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن (نەتەوەییەکان، یان سۆسیالستەکان) لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا لەسەر ئەوە رێکەوتوون کارێك بکەن "ئـازادی ناوخۆ" زیاد بێت، یان چاوەرێدەکەن، خۆی دەربکەوێت. لەکاتی ئێستادا شێوازی ئیسپانی باشە بۆ سەرکردایەتی کردنی سیاسی. ئایا ئەم شێوازە بۆ ئێران گونجاوە؟ زۆر کێشەی تەکنیکی هەیە. پرسیار لەبارەی کاتەکەیەوە هەیە: ئێستا یان دواتر، یان دوای روداوێکی تری توندوتیژ؟ پرسیار دەربارەی تاك هەیە: لەگەل یان بەبێ شا؟ لەوانەیە لەگەل کورەکەی،هاوسەرەکەی؟ ئایا پلانەکەی سەرەك

وەزیران (ئەمینی) کە دەیویست سەرکردایەتی جوڵانەوەکە بکات بەسەر نەچووە؟

شا و پیرۆزی

جیاوازی جەوهەری هەیە لە نێوان ئێران و ئیسپانیادا، سەرەڕای ئەوەش شکستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری لە ئێراندا، ڕێگرە لەبەردەم چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی، مودێرنە،ڕژێمی ڕۆژئاوایی. لەشوێنی ئەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا بزوتنەوەیەکی فراوان لە خوارەوە گەشەی سەندوە، ئەم گەشەسەندنە بووەتە هۆی شڵەقاندنی ئەو پارتە سیاسیانەی لەسەرخۆ خۆیان ڕێك دەخست. ئەم بزوتنەوەیە نیو ملیۆن پیاوی ڕژاندە سەر شەقامەکان دژی تانك و ئامێرە سەربازیەکان. تەنها هاواریاننەدەکرد ، "بمرێ شا" ، بەڵکو لەگەڵیدا هاواریاندەکرد "ئیسلام،ئیسلام" خومەینی، ئێمە بە شوێنتەوەین خومەینی" تەنانەت دەیانگوت "خومەینی بۆ پادشایەتی" 0

بارودۆخی ئێران دەتوانرێت لەو سۆنگەوە لێیتێبگەیت کە ململانێیە لە چوارچێوەی دروشمە ترادسیۆنەکان. دروشمەکانی شا ، دروشمە پیرۆزەکان. ململانێیە لەنێوان دەسەڵاتدارێکی خاوەن سوپا و کەسێکی دەربەدەر کە تاراوگە. ململانێیە لەنێوان پیاوێکی دەست بەتاڵ لەگەڵ کەسێك جەماوەر داوایدەکات. ئەم وێنەیە هێزی خۆی هەیە، هاوکات ئاماژە بەراستیەکیش دەکات کە ملیونێك خۆبەخش ئامادەی مردنن. هەنگاونانی نەتەوە بەرەو "ئازاد بوون" لە جەماوەرەوە لە خوارەوە، نەك لەناوجەرگەی دەسەڵاتەوە. ئەو گریمانەیەت پێدەڵێت، کە ئەم بزوتنەوەیە چەند گەشەی سەندوەو زۆر دوورتریش هەنگاو دەنێت. دوێنێ لەپاریس کە شوێنی حەوانەوەیەتی ، سەرەڕای گوشارێکی زۆر ئایەتوڵڵا خومەینی "هەمووی کاولکرد".

خومەینی داوایەکی ئاراستەی قوتابیان کرد، لەهەمانکاتدا ئاراستەی سوپا و کۆمەڵگای مۆسڵمانی کرد و تیایدا داوای لێکردن کە ئەوان بەناوی قورئان و نەتەوایەتییەوە ڕوبەڕوی ئەم ئاشتبونەوەیە ببنەوە کە دەربارەی:

هەڵبژاردن و دەستور و شتی ترە...

ئایا پێشبینیدەکرێت لێکترازان لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیونەکانی شا

رووبدات؟ سیاسییەکانی پارتە ئۆپۆزسیون، دەیانەوێت گرەنتی ئەوە بەدەستبهێنن، کە پشتیوانیکردن لە خومەینی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونیان بەرامبەر شاو ئەمریکا. سیاسییە نەیارەکان دەڵێن " ناوی خومەینی تەنها بۆ هاوارکردنە، چونکە ئەو هیچ پرۆگرامێکی نییە. نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە لەساڵی (1963)ەوە پارتە سیاسییەکان، کپکروان. ئێمە ئێستا پشت بە خومەینی دەبەستین، هەرکاتێکیش دیکتاتۆریەت رووخا ئەم تەمەش نامێنێت. ئەوەی مایەی دڵنیاییە زۆر بە زووی سیاسەت فەرماندەردەکات، ئەم وتار بێژەمان لەبیردەچێتەوە،بەڵام هەموو ئەو خۆشییەی لەم هەفتەیەدا لە شوێنی حەوانەوەی ئایەتوڵا لە پاریس هەستیپێکرا و لەگەڵ هەموو ئەم هاتووچۆیەی کەسانی پایەبەرز بۆ لای ئایەتوڵا، پێچەوانەی ئەو خۆش باوەڕیەی سەرەوەیە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە تەوژمێکی شاراوە لەنێوان ئەم پیاوە پیرە و هاوڵاتیاندا هەیە. ئەم پیاوە پیرەی بۆ ماوەی (15) ساڵ لە تاراوگە ژیاوە، خەڵکی ئێستا تەنها ناوی ئەو دەهێنن. لەچەند مانگی رابردودا، ئەم تەوژمە منی هەڵخڵەتاند، لەوکاتەوەی چەند شتێك لەبارەیەوە فێربووم ، ئەوکاتە کەمێك شەکەت بووم. دەمەوێت دان بەوەدابنێم، کە لەچەند کەسێکی زیرەکم گبیستوە دووبارەیان دەکردەوە:" ئێمە دەزانین کە ئەوان چییان ناوێت ، بەڵام ئەوان نازانن چییان دەوێت".

"چیت دەوێت؟" بەم پرسیارە لەناو مێشکمدا بەناو شەقامەکانی تاران‌و قوم دا پیاسەمدەکرد، زۆر وریابووم کەپرسیار لە سیاسییە باوەڕپێکراوەکان نەکەم. لەجیاتی ئـەوە بڕیارمدا گفتوگۆی درێژ لەگەڵ سەرکردە دینیەکان، خوێندکاران رۆشنبیرەکان (ئەوانەی حەزیان لە گرفتەکانی ئیسلام بوو) هەروەها لەگەڵ ئەو گەریلایانەی بەهۆی ململانێکانی ساڵی (1976)ەوە دوور خرابوونەوە، بڕیاریاندابوو بەشێوازێکی زۆر جیاواز لەناو کۆمەڵگادا درێژە بەکارەکانیان بدەن.

"چیت دەوێت؟" لەماوەی هەموو مانەوەم لەئێران بۆ تەنها جارێکیش گوێم لەوشەی "شۆڕش" نەبوو، بەڵام چوار جار لەپێنج جار کەسێك وەڵامیدەدایەوە: "حکومەتی ئیسلامی" ئەمە جێگەی سەرسورمان نەبوو. ئایەتوڵا خومەینی وەڵامە پاراوەکانی دابووەوە رۆژنامەنوسان، ئەم وەڵامانەش کاریگەریان وەك خۆیان مابوو. ئەم وەڵامە

چی دەگەیەنێت لەوڵاتێکی وەك ئێراندا، کە موسڵمانان پێکهاتەیەکی سەرەکین، نەعەرەب و نەسونەی تێدایە، بەمەش هەستیاریان بۆ پان- عەرەبیزم و پان- ئیسلامیزم لەهەندێك کەس کەمترە؟

61

**میشێل فۆکۆ**

لەراستیدا ئیسلامی شیعە، هەندێك تایبەتمەندی نیشاندەدات، کەرەنگی تایبەتی بە"حکومەتی ئیسلامی" دەبەخشێت. سەبارەت بەستراکتۆری رێکخراوەییان سیلسیلەی هەرەمی پیاوانی ئاینی بوونی نییە. هەندێك سەربەخۆیی لەنێوان پیاوانی ئاینی هەیە، گرنگی دەدرێت بەدەسەڵاتی پاکی رۆحی. دەسەڵاتی پیاوی ئاینی، بریتیە لە سەداو ئاراستەکردن، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری. ئەمە هەموو ستراکتۆری رێکخراوەییانە. بەپێی باوەری شیعەکان پرنسیپێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە(راستی) تەواو نەبووە, لەلایەن دواین پێغەمبەرەوە(د.خ.و) کۆتایی نەهاتووە، قۆناغێکی تر لەئاشکراکردن دەستپێدەکات.

قۆناغی تەواو نەبوونی ئیمامەکان.کە لەرێگای وشەکانیانەوە، نموونەکانیانەوە، هەروەها لەرێگەی شەهیدبوونیانەوە، رۆشنایی هەڵدەگرێت. هەمیشە وەکو خۆیەتیو هەمیشەش گۆراوە. ئەوە ئەو روناکیەیە لەتوانایدایە یاسا لە ناوەوە رۆشن بکاتەوە. تەمەنی دواییان دروستنەبووە، بۆ ئەوەی بپارێزرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بەپێی رۆژگار مانای ئەو رۆحانیەتەی هەڵیدەگرێت، روونی بکاتەوە. ئەم دوانزە ئیمامە بەتەواوەتی غائب نین، ئەوە خەڵکە داوایانلێدەکات دەربکەون، بەمەبەستی رونکردنەوەی زۆرتری راستی.

زۆر باسکراوە لەلایەن شیعەوە کەهەموو هێزێك خراپە، ئەگەر هێزی ئیمام نەبێت. وەك دەبینین شتەکان زۆر زیاتر ئاڵۆزن. ئەمە ئەوەیە کە ئایەتوڵا (شاریاتمەداری) لەیەکەم چاوپێکەوتنی پێیوتم: "ئێمە چاوەرێی گەرانەوەی ئیمامین." بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە واز لە گریمانی حکومەتی باش بهێنین. ئەمە وەك ئەوە وایە، کە مەسیحیەکان دەیانەوێت بەدەستیبهێنن، هەروەها ئێوەش چاوەرێی رۆژی بریاردانن (رۆژی دوایی.و) لەوکاتەدا کە ئایەتوڵا پێشوازی لەمن دەکرد ، دەورە

درابوو بە چەند ئەندامێك لە کۆمیەتەی مافەکانی مرۆڤی ئێران.

شتێك پێویستە ئاشکرابێت بە "حکومەتی ئیسلامی" هیچ کەس لەئێران مەبەستی ئەوە نییە کە پیاوە ئاینییەکان، کۆنترۆڵی حکومەت بکەن، بەڵکو بە بۆ چوونی من دوو مانای هەیە:

• "یۆتۆپیایەکە بەبێ ناوەڕۆك"

• "ئایدیایەکە" زۆربەیان وایان بە من وت، بەهەرشێویەك بێت ئەمە شتێکی کۆن و دوورە .نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر (د.خ.و) هێناوەیەتی هاوکات گەشەسەندن و نوێبوونەوەیە، لەو شوێنەی وەستاوە. بەهەوڵدان بەدوای ئەم ئایدیایەوە بە بۆ چوونی من بەرامبەر شەرعیەت شتێکی بناغەییە بەرامبەر بڕوا بوون بەداهێنەرێتی ئیسلام. دەسەڵایەتی ئاینی بۆ منی روونکردەوە، ئەمە کارێکی زۆری دەوێت لەلایەن: پیسپۆرانی ئاینی و مەدەنی زانایان و بڕواداران ،بەمەبەستی تیشك خستنە سەر ئەو گرفتانەی، کە وا پیشاندراوە قورئان وەڵامیکی تەواوی پێنیە بۆیان. هەرکەسێك دەتوانێت ئاراستە گشتییەکان بزانێت: ئیسلام رێز لەکار دەگرێت, هیچ کەس مەحروم ناکات لەبەری رەنجی خۆی, دەبێت پێداویستییە سەرەکیەکانمان بۆ دابینبکرێت و نابێت لەلایەن کەسەوە کۆنترۆڵ بکرێت , ئازادیەکان رێگەیان پێدەدرێت، مومارەسەی ئازادی خۆیان بکەن، بەمەرجێك نەبێتە هۆی ئازاردانی کەسانی دی, کەمە نەتەوایەتیەکان پارێزگاریانلێدەکرێت و بەئازادانە دەژین بەو مەرجەی ئازاری زۆرینە نەدەن. پیاوان و ژنان یەکسان دەبن، بە لەبەر چاوگرتنی جیاوازیە سروشتییەکانی نێوانیان. دەبێت بڕیار لەلایەن زۆرینەوە بدرێت. دەبێت سەرکردە بەرپرس بێت بەرامبەر خەڵك و تاکەکەس، وەك ئەوەی لە قورئاندا هاتووە.

زۆر جـار وتـراوە پـێـنـاسـەکـانـی حـکـومـەتـی ئیسلامی تەواونییە.بەپێچەوانەوە ئەو پێناسانە بە بۆ چوونی من ناسراون ، بەڵام رونکردنەوەکان جێی دڵنیایی نین. من دەمووت " ئەوانە بناغەی سیغەی دیموکراسین -بـۆرژوازو سۆشیالیزم- لەسەدەی هـەژدەوە ئێمە دووبارەیان دەکەینەوەو لە وتنیان نەوەستاوین" راستەوخۆ ئەم وەڵامەیان دەدامەوە: "قورئان زۆر پێش فەیلەسوفەکانی ئێوە،

ئەوەی ئاشکرا کردوە،ئەگەر مەسیحیەت و ژیانی پیشەسازی ڕۆژئاوا، ماناکانیانی لەدەستداون، ئەوا ئیسلام دەتوانێت مانا و کاریگەریان بپارێزێت".62

لەسەرەتادا ئە م بزوتنەوەیە بە ئامانجی بەخشینی ڕۆڵێکی بەردەوامە لەژیانی سیاسیدا بۆ ستراکتۆری باو لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا. حکومەتی ئیسلامی ڕێگا دەدات بە چالاکی بەردەوامی ئەو سەنتەرانەی لە مزگەوت و کۆمەڵگا ئاینیەکان دروست بوون، بەمەبەستی بەرگریکردن بەرامبەر ڕژێمی شا. بۆ نموونە:. دە ساڵ لەمەوبەر زەمین لەرزەیەك لەشاری فیردوس روویدا، تەواوی شارەکە پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە بوو، بەڵام لەوکاتەوەی کە پلانی ئاوەدانکردنەوە بۆ شارەکە دانرا، شتێکی ئەوتۆ جێبەجێنەکرا کە دڵی جوتیار و پیشەگەری سادەش ڕازیبکات، ئەوان سەرکەوتووبوون بەرێنمایی سەرکردەی دینییەکان لە تەواوی هەرێمەکە، پارەو داهاتیان کۆکردەوەو کەمێك لەولاترەوە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاو و پێدوایستی خەڵکیان ڕێکخست، ناوی شارەکەیان نا (اسلامیە). زەمین لەرزەکە فرسەتێکی باش بوو بۆ بەکارهێنانی ستراکتۆری ئاینی، نەك وەك سەنتەری بەرگری بە تەنها، بەڵکو وەك سەرچاوەی داهێنانی سیاسیش., ئەمە ئەو خەونەیە کاتێك یەکێك باس لە حکومەتی ئیسلامی دەکات.

### ئێستایەکی نادیار

یەکێکی تر خەون بە بزوتنەوەیەکی جیاوازەوە دەبینێت کە پێچەوانەی یەکەمەو ڕێگا بە ناساندنی ڕەهەندی روحی دەدات لەناوژیانی سیاسیدا، بەمەبەستی ئەوەی وەك هەمیشە نەبێتە ڕێگر بۆ ڕۆحیانەت، بەڵکو وەك سروشتی خۆی سروشتی بێت. ئەمە ئەو سێبەرەیە کە بەدوای ژیانی سیاسی و ئاینی ئەمڕۆی ئێرانەوەیە. ئەوا (عەلی شەریعەتی) کە مردنی دووساڵ لەمەو پێشی پلە و ئیمتیازاتێکی زۆری دایە لەناو شیعەگەریدا لە ئێستایەکی نادیاردا. لەماوەی خوێندنی لە ئەوروپا عەلی شەریعەتی کە لە ژینگەیەکی ئاینی پەروەردە بووە، لەپەیوەندیدا دەبێت لەگەڵ سەرکردەکانی شۆرشی جەزائیری، لەگەڵ زۆر بزوتنەوەی چەپی مەسیحی، لەگەڵ بزوتنەوەی نامارکسی سوشیالیزم. دوایی هاتەوە بۆ

مەشهەد لەوێ دەستیکرد بە وەی کە مانای ڕاستەقینەی شیعەگەرایی، تەنها ئەوە نییە کە لەسەدەی حەڤدەوە لەسەری پەروەردە بووین، بەڵکو دەبێت بچێتە ناو ڕۆحی دادگەری کۆمەلایەتی و یەکسانی وەك ئەوەی ئیمامی یەکەم مژدەی داوە. بەخت یاوەری بوو لەوەدا، کە چەوساندنەوە ناچاریکرد، بچێت بۆ تاران و لەوێ لە دەرەوەی زانکۆ خەڵکی فێربکات، لەوێ لە ژوورێکدا کە لەناو مزگەوتدا بۆی ئامادەکرابوو، قسەی بۆ رایگشتی دەکرد، سەرەتا تەنها ئەو بوو پاشان هەزارانت دەبینی لە: خوێندکاران،مەلاکان،ڕۆشنبیران،خەڵکی میانرەو لە دەوروبەری بازار،خەڵکانی دی کە لە پارێزگاکانەوە هاتبوون، شەریعەتی وەك شەهیدێك مرد،کتێبەکانی قەدەغەکران. ئەوکاتە دەستیهەڵگرت کە باوکی لەجیاتی ئەو خرایە زیندانەوە، دوای سالێك لەزیندان،ماوەیەکی کورت پاش چوونی بۆ تاراوگە مرد، بە شێوازێك کەم کەس قبوڵدەکات ئەو مردنە سروشتی بێت. ڕۆژێك دوای ئەوە لە خۆپیشاندانێکی فراواندا ناوی ئەو تەنها ناو بوو لەپاڵ ناوی خومەینیدا.

## داهێنەرانی دەوڵەت

هەست بە ئاسودەیی ناکەم کاتێك باس لە حکومەتی ئیسلامی دەکرێت وەك (ئایدیایەك، یان خەیاڵێك). جگە لەوە ئەوەم بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەمە فۆرمێکە لە (ئیرادەیەکی سیاسی) ئەوەم بۆ ڕووندەبێتەوە بە سیاسیکردنی پێکهاتەکان، کە چەند بەشێکی لێکجودا نەبووەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی بەمەبەستی، وەلامدانەوەی کێشەکانی ئێستا. ئەمە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی ڕەهەندی روحی لەسیاسەتدا.

بەشێوەیەکی کوت ئەم ئیرادە سیاسیە دوو پرسیار دەوروژێنێت:

1.ئایا تەواو ڕوونە (چارەسەری ئەمینیی) کە لەلایەن شاو ولاتانی دەرەوەی پەسەندکراوە ڕەفزبکەین، یان بێ دوو دڵی ئیمتیازاتی ئاینی قبوڵبکەین؟

2.ئەم ئیرادە سیاسییە کە بە قوڵی ڕۆچۆتە خوارێ، بەسە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی بەردەوام لەژیانی سیاسی ئێران، یان دەرەوێتەوە، وەکو هەورێك کاتێك ئاسمانی سیاسەت سامال دەبێت، یان دەتوانین باسی پرۆگرام و حیزبایەتی و دەستوور و پلانەکان و شتی تر بکەین. 63

سیاسیەکان لەوانەیە بڵێن بۆ وڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە، پێویستمان بە چەند(تاکتیکێك) هەیە. لەگەڵ رژێم بۆ ئەو (ئیرادە سیاسیە) دوو پرسیار بەلامەوە گرنگە یەکەمیان لەسەر ئێران و چارەنوسە تایبەتەکەیەتی. لەبەرەبەیانی مێژووەوە فارسەکان دەوڵەتیان دروستکردووەو مۆدێلی ئیسلامیان لەگەڵ تێکەڵکردوە، لەهەمان ئەو ئیسلامەدا ئاینێك وەرگیراوە، کەسەرچاوەی بێ سنوور دەداتە خەڵکی، بۆ بەرگریکردن بەرامبەر هێزی دەوڵەت. لەم ئیرادەیەدا بۆ حکومەتی ئیسلامی، کەسێك دەتوانێت ئاشتبوونەوە، دژیەك،یان شتی نوێ دەبینێت.

پرسیارەکەی ترم تایبەتە بەم پارچە بچوکەی سەر گۆی زەوی، لە روخساری دەرەوەو ناوەوە، ستراتیژی گرنگی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی . بۆ ئەو خەڵکانەی لێرە دەژین سەرچاوەی گەران چییە، تەنانەت بۆ بژێوی ژیانیان لەبەرئەوەی ئەم شتەمان لەکاتی رێنسانسەوە لەبیرکردووە ، گرفتی زۆری مەسیحیەت،سیاسەتی روحانی، ئێستا گوێم لێیە فەرەنسیەکان پێدەکەنن بەلام هەڵەن...

سەرچاوە: ئینتەرنێت

دەزگای واڵا
بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە